YADNAMA

# یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٣٣ی شوبات ٢٠٢٢ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.33,February 2022

## داگای فیدراڵی و کاریگەری وڵاتانی دراوسێ

**یادنامە**

دوای سەدام عێراق بوە بە سەکۆیەک بۆ ململانێی هێزە ناوچەیی و جیهانیەکان ، تا ئەو ئاستەی بوە بە دوو بەرەو بە دوو هێز ، کە لە ئێران و ڕوسیا و چینەوە دەست پێ دەکات تا تورکیا و ئەمریکا و بەریتانیا ، ئەم دو جەمسەرە بەردەوام ململانێیان هەیە و ڕێککەوتنیشیان هەیە ، بە پێی ڕێککەوتنەکان عێراقیان دابەش کردوە بۆ سێ کێڵگە ( سونە ، کورد . شیعە) و لە ناو ئەمانەشدا بوە بە دوو بەش ، بە پلەی یەکەم لە نێوان تورکیا و ئێراندایە ، کاتێک بەربەستێک بۆ ڕێککەوتنەکان دروست دەبێت ئیتر لایەنە ناوچەییەکان دەکەونە بەکارهێنانی کارت دژی یەکتر ، کاتێک سەرۆکایەتی کۆمار تێناپەڕێنرێت بێ کێشە وەک سەرۆکی پەرلەمان ، ئەوا دەبێتە هۆیەک بۆ بەکار هێنانی کارتی بەهێز تر ، لە سەرۆکایەتی کۆماردا دادگای فیدراڵی بەکار هێنرا بۆ پرسی کورسی سەرۆکایەتی ، وا جارێکی تر دوای کێشە گەورەکەی ڕوسیا و ئۆکرانیا و گەڕانەوەی ئەردۆغان لە ڕوسیا و دروست بونی کێشەی کەمی غاز دیسانەوە دادگای فیدراڵی وەک کارتە گەورەکە بەکار هێنرا ، ئەگەر چی دۆسیەی سەرۆکایەتی کۆمار و بڕیارەکەی دادگا سەبارەت بە سامانی سروشتی و نەوت و غازهیچ پەیوەندیەکیان پێکەوە نیە ، بەڵام لێکچون هەیە بۆ بەکارهێنانی کارتی دادگای فیدراڵی بۆ گەمە گەورەکان ، ڕوس و ئێران لە ڕێی دادگای فیدراڵیەوە دەیانەوێ مامەڵە بە غازی چەمچەماڵەوە بکەن و وەک کارتێکی تر بەرامبەر نەیارەکانیان بەکاری بێنن ، دوا جار تورک و ئێران چەند کێشەیان هەبێت بەرژەوەندیان گەورەترە لە ناکۆکیان ناوەندیان پێ باشترە تا هەرێم هەر بۆیە تورکیا بەرامبەر بەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی هیچ هەڵوێستێکی جدی نەبو .



جەنگی ئۆکرانیا چیمان پێ دەڵێ..؟؟

*جەنگ تەنها لە ئۆکرانیا کۆتایی نایە.

*جەنگ سەر دەکێشێ بۆ لاتیفیا و ئیستۆنیا و لیتوانیا.

*جەنگ پێداویستیە سەرەکیەکان گران یدەکات.

* جەنگ ململانێکان فراوانتر دەکات .

* جەنگ دەبێتە هۆی نەمانی ڕێگاکانی هاتوچۆ و کەمبونەوەی کاڵا سەرەتاییەکان.

* جەنگ دەبێتە هۆی لەدەست دانی سەرچاوەی هێزی مرۆیی.

* جەنگ لە ئۆکرانیا دەبێتە هۆی ئەوەی ڕوس لە ڕێگەی ئێران و بەغداوە گوشاری زیاتر بخاتە سەر هەرێم.

*جەنگ لە ئۆکرانیا سەر دەکێشێ بۆ گەڕانەوە بۆ جەمسەرگیری و بلۆک بەندی.

* جەنگ ئۆکرانیا ناچار دەکات بە سازش کردن.

*جەنگ تەنها بازرگانەکان سودمەند دەبن.



شاکارێکی (شێرکۆ بێکەس) ... ل٢

قوبادی جەلیزادە ... ل٣

مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991) ... ل٤

لە یادی داستانە مەزنەکەی سەری ڕەش ... ل٨

بەسەرکردنەوەی شەهیدان ... ل١٠

خوێندکارێکی دەرەکی کە لە یۆگوسلافیا ... ل١١

شەڕی ڕوسیاو ئۆکرانیا ... ل١٢

نامەیەکی کراوە بۆ سەرکۆماری عێراق ... ل١٣

کەو قەومی خۆخۆرە ... ل١٥

کاتژمێرو ئابڕوو ... ل١٦

خالید ستار ... ل١٧


وێنەیەک لە مێژوو ... ل١٩

بۆچلەی براو هاوڕێمان بورهان عەبدولڕەحمان ... ل٢٠

ئەفسانەی ... ئەشکەوتی داری خلە...(1) ... ل٢١

چەند زانیاریەکی گرنگ دەربارەی ئۆکرانیا ... ل٢٣

# شاکارێکی (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیر بۆشەهید  مامە ڕیشە



ڕێگە چۆڵکەن هەستنە سەرپێ
وائەسپێکی سپی یاڵسوور
لەپێدەشتی کەرکوکەوە
ئەحیلێنێ وبۆئێرە دێ
ئەی ئەسپەکەی تەوێڵ مارۆی گەرمیانم
ئەوەی بەفروگڕو شەپۆلی ناسیبێ
ئەوەی شمشێری بروسکەوباوبۆرانی کێوی دیبێ
تۆئەناسێ
ئەی ڕەشەبای لەپاش خۆر سوارکردوو
ئەوەی منالانی سەرقۆچکە تاشی لەیلان و
کێڵگەی برسی دووزی دیبێ
تۆ ئەناسێ
کۆبنەوەو هەستنە سەرپێ
سەرهەڵبڕن
بازێك شەلاڵی خوێناوەو
تۆزێکی تر
بەم ناوەدا تێدەپەڕێ
ڕوەو قەندیل
بەسەر هەورازی شەختەدا
نزم ئەفڕێ
هەتا ئەگاتە سەر دوندو
ئەچێ لەوێ
لەپەڵە خوێنی (نازم) دا
بەهێواشی ڕائەکشێ




ڕێگە چۆڵکەن .. هەستنەسەرپێ
زریان گفەی وون کردووەوبۆی ئەگەڕێ
گەرمیان کورەی کاوەیەو جۆش دراوە
تەماشاکەن
هەرچی گردۆڵکەی پێدەشتی لەشجنراوە
وەکو دایکانی وولاتم
بنچکی قژ و ئەگریجەی گژوگیایان
لەملیاندا ئالۆزکاوە
مامە ڕیشە
ئەی پڵنگی چنگ بەگڕی گەرمیانم
بەیتی تازەی توحفەی ئەمڕۆی کوردستانم
لەمالانی گوند بەگوندی هەڵقرچاوا
تۆ قوتیلکەی بەرهەیوانی
داسی دروێنەوهەتاوی
سەربانیژەی زستانانی



مانگە شەوی ،هێشووی ڕەزی
هاژەی چەم و
ووژە ووژی دارستانی
ئاگری شوانی
وەکو باران
وەکو کانی
وەك دەغڵ ودان
خۆشەویستی
تۆ کوڕی بابە گوڕ گوڕی
داستانێکی سەدەی بیستی

# قوبادی جەلیزادە

تێکستی نوێ - سی و هەشت
کرێگرتە*
(چەک هەڵگری خاکێکم دوژمن لەسەری زاڵە
من بوومەتە بێگانە، بێگانەش خاوەن ماڵە)


چوار دراوسێم هەن، دووانیان بەتەنیشتمەوەن، دووانەکەی دی
بەرامبەرمن
سبحەینان زوو،
پێشئەوەی کازیوە جلە زیوینەکانی بپۆشێت،
لەبەر دەرگای هەر چوار دراوسێکەمدا،
چوار چەپکە نێرگز دادەنێم.

کەچی کە شەو دادێ،
یەکێکیان درەختێکی باخەکەم دەبڕێتەوە.
یەکێک، بەرد دەگرێتە پەنجەرە.
یەکێک، تولە سەگەکەم دەخنکێنێ.
ئەوەی دیش، نامەی هەڕەشە، فڕیدەداتە حەوشەکەمەوە.

چوار هاوسێم هەن، دوویان بەرامبەرمن و دوانیش بەتەنیشتمەوەن
بەر لەوەی شەو جلکە ڕەشەکانی داماڵێ و بەڕووتی بچێتە باوەشی
سپێدەوە،
لەسەر دەرگای هەر چوار ماڵەکە چوار نیگار دەکێشم؛
نیگاری کۆترێکی سپی و
لکەزەیتوونێک.

لێ کە تاریک دادێ،
یەکێکیان، نارنجۆک دەخاتە ماڵەکەمەوە
یەکێک، کچێکم لێ دەرفێنێ
یەکێ کوڕێکم دەکوژێ
ئەوەی دیکەش ماڵەکەم ئاگر دەدا.

هەر چواریان بەردەرگەم پێدەگرن و پێمدەڵێن؛
ماڵەکە چۆڵکە..
خانووەکەی من میراتی باپیرەمەو تاپۆی ڕەشم هەیە.
کەچی ئەوان لە کۆڵانەکەماندا؛
کرێگرتەن!
--------------
کرێگرتە: کرێچی




هاوڵاتیەکی کورد "عاسی موستەفا ئەحمەد" خەڵکی چەمچەماڵ بوە، سەربازی سوپای عێراق بوە، لەهێرشە فراوانەکەی سوپای ئێرانی بۆ سەر شاری عەمارە لە ناوچەی "شوش" لەبەهاری 1982 دا لەگەڵ سەدان سەربازی تر بەدیل گیراوە.

ساڵی 1990 دوای هەشت ساڵ دیلی ئازادکراووە گەڕاوەتەوە بۆ چەمچەماڵ، نامەیەکی عاتفی بۆ سەدام حسێن ناردووە باسی ئەوەدەکات کەچەند دڵخۆش بووە بەگەڕانەوە بۆ وڵات و ئازاد بوون، ئەوەنەش ڕووخاوو کارەساتبارە کەگەڕاوەتەوەو بینیویەتی هەموو خێزانەکەی "ژن و دوو کچ و کوڕێکی" لەئۆپراسیۆنی ئەنفالدا بەسەرپەرشتی عەلی حەسەن مەجید دیارنەماون و بێ سەروشوێنن. لەنامەکەدا هاوڵاتیەکە داوا لەسەدام دەکات سۆراخی چارەنوسی خێزانەکەی بۆ بکات.

دوای ماوەیەک سەعدون عەلوان موسڵح سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی عێراق بەکورتی و بەوپەڕی دڵڕەقیەوە وەڵامی داواکەی داوەتەوەو نوسیویەتی "ژن و مناڵەکانت لەئۆپراسیۆنی ئەنفال لە1988 دا تیاچون".

خۆت خزمەتی سوپای وڵاتەکەت بکەی، هەشت ساڵی گەنجیت لەدیلیدا خەسار بێت، بێیتەوە موکافەئەی ئەرکەکەت ئەوەبێت ژن و مناڵت کوژرا بێت و بێ ماڵ و حاڵ بیت و بەدوو دێڕ وەڵامت بدرێتەوە، ئەو وڵات و سیستەم و سوپایە شایەنی چیە؟

بەسوپاسەوە لە توانا عوسمان وەرگیراوە


بسم الله الرحمن الرحيم

# مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991)

نەوشیروان مستەفا

سایتی: (سبەی)


بەشی دەیەم

(کۆتایی)

خولی سێیەم و کۆتایی مفاوەزە
(10/7 - 13/8/1991)

بەرەی کوردستانی

بەرەی کوردستانی دوای عەمەلیاتی ئەنفال پێک هات بو. بەرە دەزگایەک بو زۆرتر بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا و هاوئاهەنگی حیزبەکان، نەبوبو بە دەزگایەک تواناى سیاسی، پێشمەرگەیی، دارایی، راگەیاندنی هەمو حیزبە ئەندامەکانی یەک بخا.
هەمو حیزبێ رێکخراوی پێشمەرگەیی خۆی هەبو.
هەمو حیزبێ دەزگای راگەیاندنی تایبەتی خۆی هەبو.
هەمو حیزبێ دەزگای دارایی خۆی هەبو ئازاد بو چۆن پارە پەیدا بکا و چۆن پێویستیەکانی خۆی دابین بکا.
هەمو حیزبێ دەزگای نوێنەرایەتی خۆی هەبو ئازاد بو لەگەڵ هەر لایەنێکی عیراقی و ئیقلیمی و ئەوروپای و ئەمەریکی پێوەندی دابمەزرێنێ.
هەمو بڕیارێ لە سەرکردایەتی بەرەدا بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێ پێویستی بە کۆدەنگ هەبو، ئەگەر حیزبێ ڤیتۆی بە کار بهێنایە ئەیتوانی پەکی بڕیارەکە بخا.
بەرە پێک هات بو لە 8 حیزب:
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ی ن ک) جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی بو.
پارتی دیمۆکراتی کوردستان (پ د ک) مەسعود بارزانی سەرۆکی بو.
حیزبی سۆسیالیستی کوردستان (ح س ک) رەسول مامەند سکرتێری گشتی بو.
پارتی گەلی کوردستان سامی عەبدورەحمان سکرتێری گشتی بو.
حیزبی شیوعی عیراق (ح ش ع) عەزیز محەمەد سکرتێری گشتی بو.
پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) سکرتێرەکەیان کۆچی دوایی کرد بو، کەریم سەلام بەرپرسیان بو.
حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، قادر عەزیز سکرتێری گشتی بو.
بزوتنەوەی دیمۆکراتی ئاسوری.
لەم 8 حیزبە 4 یان لە دەستەی نوێنەرایەتی دا بەشدار بون و، ئەبوایە ئەنجامی گفتوگۆ بخرایەتە بەردەم کۆبونەوەی ئەوان بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیار لێ دان، هەر حیزبێ موافەقەتی لە سەر نەکردایە ئەیتوانی پەکی بخا یا هیچ نەبێ خۆی پابەند نەبێ بە رێککەوتنەکەوە.
هەردو جار:
کە مام جەلال نێردرا بۆ بەغداد لە کۆبونەوەی سەرانی بەرەدا دەسەڵاتی تەواوی درایە بۆ گفوگۆ و رێککەوتن و ئیمزاکردن و ئیعلان کردن.
بە هەمان شێوە کە کاک مەسعودیش نێردرا بۆ بەغداد لە کۆبونەوەی سەرانی بەرەدا دەسەڵاتی تەواوی درایە بۆ گفتوگۆ و رێککەوتن و ئیمزاکردن و ئیعلان کردن.
جاری یەکەم کە تاڵەبانی و وەفدی هاوڕای چون بۆ بەغداد، هیچ بەڵگە و پرۆژەیەکی نوسراویان پێ نەبو، کە لە لایەن سەرکردایەتی بەرەوە ئامادە کرابێ، تا بیبێتە بناغە بۆ گفتوگۆ و، سنوری لایەنی زۆر و لایەنی کەمی دیاری کرا بێ. بەڵکو هەموی هەر بیرو بۆچونە گشتیەکانی خۆیان بو باسیان کرد بو.
جاری دوەم کە بارزانی و وەفدی هاوڕای چون بۆ بەغداد پرۆژەکانی بەرەیان بە نوسراوی لە گەڵ خۆیان برد بو، دیار بو کە لە سەر چی ئەبێ گفتوگۆ بکرێ.
بارزانی نەیئەویست بە دەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. ئەیویست دەستکەوتێکی سیاسی پێ بێ بە تایبەتی کە سەرکردایەتی بەرە دەسەڵاتی تەواویان پێ دا بو، خۆیشی و هاوڕێکانیشی لە هەلومەرجێکی زۆر سەخت و لە دۆخێکی زۆر نائومێدانەدا چوبون بۆ بەغداد. بارزانی پێی وابو جگە لە «خیار» ی پێکهاتن لە گەڵ عیراق، کورد لە دو خیار زیاتری لە بەردەم دا نیە: یان چونەوە شاخ بۆ شەڕی پێشمەرگایەتی یان چونە ئێران بە پەنابەری. خیاری پێکهاتنی لە هەردو خیارەکەی تر پێ باشتر بو.



دوای گەڕانەوەی کاک مەسعود و وەفدی هاوڕای زنجیرەیەک کۆبونەوەی سەرکردایەتی بەرە کرا. ئەوراقەکانی کە لە بەغدادەوە لە گەڵ خۆمان هێنابومانەوە بە ئاشکرا بڵاو نەکرابونەوە، بەڵکو لابەلا بەشێکی دزەیان پێ کرا بو بۆ دەزگاکانی راگەیاندنی عەرەبی و جیهانی .ئەوراقەکان بە گشتی جێگەی رەخنە و نارەزایی بون. ئەوی لە هەموی زیاتر هەرای لێ کەوتەوە ئەو «ئیلتیزامات» ە بو کە سەرانی بەعس داوایان لە بەرەی کوردستانی کرد بو جێبەجێی بکا. لایەنەکانی بەرە بەمە رازی نەبون بە تایبەتی هەلومەرجی سیاسی بە تەواوی گۆڕا بو بە قازانجی کورد و، رژێمی عیراق بە تەواوی گەمارۆ درا بو. تەرازوی هێز خەریک بو بە قازانجی کورد ئەشکایەوە.
من کوردستانم بە جێ هێشت بو. لە مفاوەزە و لە سەرکردایەتی بەرەش کشابومەوە. لە لەندەن دانیشت بوم. چاودێری روداوەکانم ئەکرد. جگە لە هەواڵەکانی کوردستان کە هاوڕێکانم بۆیان ئەناردم. لەو ماوەیەدا هەلم بۆ هەڵکەوت سەیری ژمارەیەکی زۆری ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە بکەم بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، کە لە کاتی جەنگی خەلیج و لە رۆژانی راپەرین و کۆڕەو و گفتوگۆدا نوسرا بون و، زۆری ریپۆرتاجی پەیامنێرانی دەزگاکانی راگەیاندنم دی کە کەناڵە جیاجیاکانی تەلەفزیۆنی وڵاتان بڵاویان کرد بووەوە.

دوا قۆناغی مفاوەزە

لە لەندەن بوم بیستم سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی زنجیرەیەک کۆبونەوەی کردوە. سەرلەنوێ هەمو پرۆژەکانی تاووتوێ کردۆتەوە و، هیچیانی پەسەند نەکرد بو. بڕیاری دابو لایەنی کەمی خواستەکانی کورد دیاری بکات کە دەستەی نوێنەرایەتی لێی نەیەنە خوارێ بۆ ئەوەش دەستەیەکی نوێنەرایەتی بە سەرۆکایەتی کاک مەسعود دانا بو بۆ گفتوگۆ کە هەندێکیان تازە لە ئەوروپاوە گەڕابونەوە. وەفدی بەرەیان پێک هێنا بو:
لە پارتی: مەسعود بارزانی، سەرۆکی وەفد، رۆژ نوری شاوەیس، جەوهەر نامیق، ئازاد بەرواری.
لە یەکێتی: د فوئاد مەعسوم، (کە تازە لە دەرەوە گەڕا بووەوە)، ئارا تۆفیق
لە سۆسیالیست: د مەحمود عوسمان، عەدنان موفتی، (کە تازە لە دەرەوە گەڕابونەوە).
لە گەل: سامی، بروسک شاوەیس، (کە تازە لە دەرەوە گەڕابووەوە)
ڕەنگە باشترین گێڕانەوە ئەم نامە تایبەتیە بێت کە مام جەلال گەرماوگەرم لە 1991/7/16 لە شەقڵاوەوە بۆی نوسیوم:
«.....

»وەزعی ئێمەش پوختەکەی بەمجۆرەی خوارەوەیە:

.1کۆبونەوەیەکی زۆربەی کادرە عەسکەری و سیاسیەکانمان کرد و تێیدا بڕیار درا چۆن پێشمەرگە و ئەندامان ڕێکخەینەوە ڕێ و شوێنی کاری سیاسی و پێشمەرگانەش دیاری کران. چەندین ڕۆژیشی خایاند و هەمو کەسیش بە سەربەستی بیروڕای خۆی دەربڕی و بڕیاری بەستنی کۆنگرێسیش لە 3 مانگدا درا. پێم وایە لە یەکخستنی بیروڕاو و بۆچون و هەڵوێستەکان دا دەورێکی دەبێت.

.2کۆبونەوەکانی بەرەی کوردستانی لە شەقڵاوە تەواو بون. لە وێ دا دو بەشی دیار بوین پارتی بە تەنیا و لایەنەکانی تریش لە لایەکی تر … .

ئەنجامەکەی (حد أدنی) داندرا کە خاڵە گرنگەکانی:

ا. مانی پێشمەرگەیە بە هەر شێوەیەک بێت لە گەڵ مافی چالاکی سیاسیمان لە ناویاندا.

ب. سوربون لە سەر دەستورێکی دیموکراتی.

ج. سنور بەلای کەمەوە دەبی شێخان، ئاکرێ، پردێ، شوان، توز و کفری تیا بێت بسەلمێنرێش کە خانەقین و شەنگاریش کوردن بەڵام جارێ ناخرێنە سەر ئۆتۆنۆمی.

د. پۆلیس و ئەمن و ئیدارە بدرینە دەست ئۆتۆنۆمیەکە.

ە. ئیلتیزاماتیش وای لێ بکرێ کە پێوەندیمان لە گەل حیزبە کوردستانیەکان و هینەکانی دنیا نەبڕێت و سوکایەتی بۆ خۆمان تێدا نەبێت،

ئەمانە هەم لە دوای کۆبونەوەکان بەگشتی ئیمزا کران و هەم وەک پەیمانێکی دو قۆڵی نێوان من و کاک مەسعودیش ئیمزامان کردوە…

.3میری بۆ دڵدانەوەی من دو پێشنیاریان کرد یان حسین کامل و سبعاوی لە گەڵ السید النائب دا بێن بۆ شەقلاوە و شەوێ لام بن و پاشان بچینەوە بۆ بەغدا یان کۆبونەوەکان جەولەیەکیان لە هەولێر بکرێ. من دوەمیانم هەڵبژارد… (جەلسەیە) کە لە هەولێر بەسترا. لەوێ من بە سەربەستی لەبەر چاوی هەردو وەفد گلەیی و بیروڕاکانی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیم گوتن و پاشان السید النائب گوتی: «سەرۆک دەڵێ: هەمو کورد و هەمو بەرەی کوردستانی بە ی ن ک یشەوە ئامادە بن مام جەلالی تیا نەبێت میری ئیمزای ناکات»… هەر لەوێش پێکهاتم لە گەڵ السید النائب کە من بۆ 2-3 ڕۆژ بچم و پاشان بگەڕێمەوە، ئەوە بو چوم.

.4لە بەغدا سەرۆکم دی زۆر گەرم بو پرسی: «وابزانم (غیر مرتاح) یت .« گوتم: «زەعلانیشم» و ئینجا بۆم باس کرد کە من دوای چونەکەم بەتەمای چی بوم چۆن (وەفدی حکومی)- کە دیارە ئەوی تێدا نیە!- (خیب آمالی) و چۆن لە بەیانی ئازاریشیان کەم کردوّتەوە، چۆن ئەمجارە لە هینەکەی خۆمان کەمتر و پوچترە، نمونەی زیندانی سیاسی، داوای چەک دانانی پ.م و شتی ترم بۆ هێنایەوە.

ئەویش زۆر دۆستانە بو، گوتی ئەو دژی (مشاطره) یە کە لە گەڵتان کراوە و دەیەوێ زو بگەینە ئەنجام، بەڵام خۆم پێم وایە پەلەیان نیە، چاوەنواری کۆنگرێسی خۆیان دەکەن و هەندێ شتی تریش کە نازانم چین؟

و پێم وانیە (حد أدنی) یەکەی ئێمە دەدەن.

وا وەفد لە بەغدا ماوەتەوە و بزانین چۆن دەبێ«.

.......

*

دوای «جەلسەکەی» هەولێر وەفدەکە چون بۆ بەغداد. کۆبونەوەکانیان لە 10 ی تەموزەوە دەستی پێ کرد بو تا 13 ی ئاب. زنجیرەیەک کۆبونەوە و گفتوگۆیان کرد بو لە گەڵ: عیزەت دوری، تاریق عەزیز، عەلی حەسەن مەجید، سەعدی مەهدی ساڵح، د مونزیر شاوی، د شەریف یوسف، فەریق روکن سابیر دوری، محەمەد حەمزە زوبەیدی، لیوا روکن خالید محەمەد، حسێن کامیل…

رۆژی 13 ی ئاب کۆتایی بە کۆبونەوەکان هات بو، وەفدی کوردی گەڕابووە بۆ کوردستان دوایین پرۆژەکانیان لە گەڵ خۆیان برد بووەوە، پرۆژەکان بریتی بون لە:

قانونی حوکمی زاتی

تطبيع الاوضاع

التزامات الجبهه الكردستانيه

ميثاق العمل المشترک بين حزب البعث العربى الاشتراكى والجبهه الكردستانيه

مام جەلال لە لایەک و کاک مەسعود لە لایەک هەریەکەیان بە جۆرێ قسەی لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دنیا ئەکرد، ناکۆکی بە ئاشکرا دیار بو لە قسەکانیان دا. هەردوکیشیان بیانویان ئەوە بو کورد ئاوارە نەبێ و، نەکەوێتە بەر هێرشی دڕندانەی بەعس، بەڵام هەریەکەیان بە پێی تێگەیشتنی خۆی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە هەوڵیان ئەدا.

مفاوەزەی بەرەی کوردستانی - بەعس: چەقین

وەفدەکە لە بەغداد گەڕانەوە. پرۆژەکان ئیتر ئەبو یان ئیمزا بکرێن یان رەفز بکرێن. سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی زنجیرەیەک کۆبونەوەی ساز کرد بو. هیچ کام لە پرۆژەکانی پەسەند نەکرد بو . بەڵکو لێدوان و مشتومڕی زۆری لێ کەوتبووە. لە ناو سەرکردایەتی بەرەدا قسە دێتە سەر ئەوەی بخرێتە «ئیستیفتا» وە. خەڵکی کوردستان دەنگی لە سەر بدەن ئاخۆ پەسەندی ئەکەن یا رەتی ئەکەنەوە .سەرەنجام بڕیار ئەدەن لە باتی «ئیستیفتا» هەڵبژاردنی گشتی بکرێ و، ئەنجومەنی هەڵبژێردراو بڕیار بدا پەسەند بکرێ یانە. بەمجۆرە مفاوەزە بە «چەقین» کۆتایی هات. کوردستان پێی نایە قۆناغی «نەشەڕ و نەئاشتی» یەوە.

14/8/1991

مشروع

ميثاق مشترك بين حزب البعث العربي الاشتراكي والجبهة الكردستانية

في اطار الاتفاق التاريخي الذى تم بين حزب البعث العربي الاشتراكي و الجبهة الكردستانية فقد تم الاتفاق على الميثاق التالي و الالتزامات المتاقابلة المثبتة فيه.

ان الطرفين يتعهد بتطبيق هذا الميثاق و الالتزامات المتقابلة الناشئة عنه نصا و روحا و باخلاص و جدية خدمة لمصالح العراق العليا:

اولا: ان حزب البعث العربي الاشتراكي و الجبهة الكردستانية يقدران بأن العراق يتعرض في المرحلة الراهنة الى تهديدات خطيرة من جانب القوي الامبريالية و خاصة الولايات المتحدة و حليفاتها التي اشتركت في العدوان الثلاثيني على العراق و من جانب اسرائيل و الصهيونية العالمية ..كما ان النظام الايراني يمارس هو الاخر سياسة تهديد سيادة العراق و استقلاله و وحدتة الوطنية و يعبر عن اطماع شريرة ضد العراق .. هذا بالاضافة الى المؤامرات و السياسات المعادية التي يمارسها عدد من انظمة المنطقة مثل النظام السوري و النظام التركي و النظام السعودي و حكام الكويت و غيرهم من الضالعين في المخطط الامبريالي و الذين يقدمون له الدعم و الخدمات.

ان الطرفين يتعهدان بالعمل المشترك و النضال بكل الوسائل للدفاع عن سيادة العراق و كرامته و وحدته الوطنية و مكتسبات النضال الوطني و مسيرة ثورة 17-30 تموز ، والتصدي السياسات و مخططات و اهداف هؤلاء الاعداء.

ثانيا: ان حزب البعث العربي الاشتراكي و الجبهة الكردستانية يؤكد بان قيادة السيد الرئيس القائد صدام حسين للبلاد هي ضمانة اساسية لسيادة العراق و استقلاله و وحدته الوطنية و ازدهاره...

و ان المؤامرات التي تستهدف القائد انما تستهدف في الواقع سيادة العراق و كرامة شعبه و مكتسبات النضال الوطني و مسيرة الثورة و ان الهدف من هذه المؤامرات هو زعزعة العراق و ادخاله في حالة من الفوضى و التفتت كي تتمكن هذه القوي المعادية من السيطرة عليه و اخضاعه لاطماعها و سياساتها المعادية لشعبه عربا و كردا و المعادية لمصالح للامة العربية في التحرير و استعادة حقوقها المشروعة و خاصة الحقوق المشروعة للشعب الفلسطيني.

ثالثا: ان حزب البعث العربي الاشتراكي و الجبهة الكردستانية يتعهدان بالدفاع عن مكتسبات النضال الوطني و ثورة 17-30 تموز و نظامها السياسي و التجربة الديمقراطية ضد اي شكل من اشكال التهديد الداخلي و خاصة من جانب الجماعات الحاقدة المشبوهة و المرتبطة بالجهات الاجنبية و التي لا تؤمن بالديمقراطية و حرية للاختيار السياسي و يتعهدان بالتحالف و العمل المشترك بكل الوسائل التي يتطلبها الموقف ضد هذه الجماعات اذا ما لجأت الى التامر او التخريب او استخدام العنف للنيل من النظام السياسي في البلاد.

رابعا: ان الطرفين يتعهدان بالتعاون والتنسيق المستمرين لتطبيق بنود الاتفاقات التي تم الاعلان عنها و الخاصة بتطوير تجربة الحكم الذاتي و تطبيع الاوضاع في منطقة الحكم الذاتي و المناطق الاخرى المشمولة بالتطبيع بصورة تامة و باخلاص و دقة بما يعزز روح الاتفاق و الوحدة الوطنية في عراقنا العظيم و اواصر الشعب الواحد الذي تقوم العلاقة بين ابنائه على اسس المحبة العميقة و التفاعل الخلاق و يتعهد الطرفان بالتصدي الحازم و المثابر لاية محاولات تستهدف تخريب تلك للاتفاقات او اشاعة عوامل الشك و الفرقة.

خامسا: ان الطرفين يتعهدان بالتنسيق و العمل المشترك في خوض الانتخابات للمجالس التشريعية و في المنظمات و النقابات و الاتحادات و الجمعيات المهنية و الشعبية و النقابية.

سادسا: تلتزم الجبهة الكردستانية بالعمل النشيط سواء بوسائل التثقيف او التوعية او بالوسائل العلمية و الانضباطية التي يتطلبها الموقف على اشاعة الامن و النظام و احترام القانون و حماية ممتلكات الدولة من اعمال الخروج على القانون في منطقة الحكم الذاتي كما تلتزم هي وحزب البعث العربي الاشتراكي بالعمل بوسائل التثقيف و التوعية و الوسائل العلمية اللازمة لتعميق الوطنية العراقية و شجب و مقاومة الاتجاهات الانفصالية و الانعزالية و الشوفينية و العنصرية التي تسعى لتخريب العلاقات الاخوية التاريخية بين العرب والكرد و نضالهم المشترك.

سابعا: و قد تم الاتفاق بين الطرفين على ان يكون تنظيم العلاقات مع الاحزاب العربية و الكردية و الاجنبية و المنظمات الدولية من خلال التشاور و التسيق بينهما خلال الفترة التي تسبق قيام المجلس الوطني الجديد في ظل الدستور الجديد حيث تعالج هذه المسألة حينئذ وفقا لقانون الاحزاب.

ثامنا: يساند حزب البعث العربي الاشتراكي و الجبهة الكردستانية نضال الشعب الكردي في كل من ايران و تركيا وسوريا من اجل تحقيق الديمقراطية ونيل الحقوق القومية المشروعة.

تاسعا: اضافة الى ماتم انجازه في الاتفاق المعلن حول موضوع الحدود الادارية لمنطقة الحكم الذاتي فقد تم الاتفاق بين الطرفين على ما يلي:

أ) بالنسبة للمناطق التي لم يبت في موضوع ارتباطها اداريا بمنطقة الحكم الذاتي او بقاء ارتباطها الاداري كما هو عليه الان الاسباب تتعلق بالظروف الراهنة و ما يتعرض اليه الامن الوطني من تهديدات فقد تم الاتفاق على بحث اوضاعها و تقرير ارتباطها الاداري من قبل الطرفين عندما يجدان ان الظروف الداخلية و حالة الامن الوطني تسمحان بذلك.

ب) بالنسبة للمناطق التي توجد اراء متباينة بشأن تحديد غالبية سكانها فقد تم للاتفاق علي ان يعالج موضوع البت بارتباطها الاداري في المستقبل بالوسائل القانونية و الديمقراطية و من خلال الهيئات الوطنية المختصة و بالاتفاق و العمل المشترك بين الطرفين و في الوقت الذي يتفق فيه الجانبان على انه مناسب.

ملاحظة: اقترحت الجبهة الكردستانية النص البديل التالي:
»بالنسبة للمناطق ... فقد تم الاتفاق علي ان يعالج موضوع البت بارتباطها الاداري بعد التطبيع و عن طريق الاحصاء وفق ما جاء في بيان 11اذار او خلال مدة ( ) و بالاتفاق و العمل المشترك بين الطرفين و في الوقت الذي يتفق فيه الجانبان علي انه مناسب«

عن حزب البعث العربي الاشتراكي

عن الجبهة الكردستانية

21/7/1991

ورقة تطبيع

تم الاتفاق على ما يلي:

1- يعفى عفوا عاما وشاملا عن الكرد وعن منتسبي الجبهة الكردستانية من المدنيين والعسكريين ومنتسبي قوى الامن الداخلي المحكومين والهاربين والموقوفين والمحجوزين، وتوقف وقفا نهائيا الاجراءات القانونية المتخذة بحقهم عن الجرائم السياسية ويطلق سراحهم، ويشمل هذا العفو العقوبات الاصلية والتبعية ويرفع الحجز عن اموالهم المنقولة وغير المنقولة وتلغى قرارات المصادرة بحقهم وتعاد اليهم جميع حقوقهم.

2- يعفى عفوا عاما وشاملا عن الكرد وعن منتسبي الجبهة الكردستانية وتوقف وقفا نهائيا الاجراءات القانونية المتخذة بحقهم عن جرائم الهروب والغياب والتغيب المنصوص عليها في قانون العقوبات العسكري رقم (13) لسنة 1940 وقانون معاقبة مرتكبي جرائم الهروب خارج البلاد اثناء الخدمة العسكرية رقم (28) لسنة 1972 وعن جرائم التخلف والمخالفة المنصوص عليها في قانون الخدمة العسكرية رقم (65) لسنة 1969، ويبقى هذا العفو العام نافذا لمدة تسعين يوما من تاريخ صدوره.

3- اعادة منتسبي الجبهة الكردستانية من منتسبي القوات المسلحة وقوى الامن الداخلي والموظفين المفصولين او المنهاة خدماتهم او المحالين على التقاعد لاسباب سياسية و كذلك من كان منهم مستخدما او عاملا، الى الخدمة واحتساب مدة بقائهم خارج الوظيفة خدمة فعلية لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعد.

4-اعادة منتسبي الجهة الكردستانية من الموظفين وممن كانوا مستخدمين أو عمالا المنقولين من دوائرهم الى دوائر اخرى او الى محافظات اخرى لاسباب سياسية، الى الخدمة في مناطقهم الاصلية، وفق حاجة الدوائر وضمان حقوق و رواتب الذين يفيضون عن ذلك من خلال تنسيبهم للعمل في دوائر اخرى وحسب حاجتها.

5-اعادة الطلبة الكرد والطلبة من منتسبي الجبهة الكردسستانية المفصولين أو المطرودين لاسباب سياسية الى مدارسهم ومعاهدهم وكلياتهم وعدم احتساب مدة فصلهم او طردهم سنوات رسوب ولاغراض عدد السنين المطلوبة لانهاء المرحلة الدراسية (وتخصيص مساعدة مالية للمحتاجين منهم.)

6- قبول الطلبة الكرد والطلبة من منتسبي الجبهة الكردستانية في جميع المدارس والمعاهد والكليات المدنية والعسكرية وكذلك في البعثات العلمية والزمالات والاجازات الدراسية داخل العراق وخارجه وفق القواعد والاسس النافذة دون استثناء او تمييز.

7-يعفى عفوا عاما وشاملا عن االبارزانيين ويطلق سراح المحكومين والموقوفين والمحجوزين منهم وتوقف وقفا نهائيا الاجراءات القانونية المتخذة بحقهم ويرفع الحجز عن اموالهم المنقولة وغير المنقولة وتعاد اليهم جميع حقوقهم.

8-اعادة سكان المدن والقرى الكردية المرحلين الى مناطق اخرى داخل منطقة الحكم الذاتي او خارجها، الى مدنهم وقراهم واماكنهم الاصلية حسب رغبتهم ووفق جدول زمني يتفق عليه وتعويضهم عما اصابهم من اضرار، ويعمل على تطوير مناطقهم وذلك بايصال جميع الخدمات الاساسية اليها لكي تصبح حسب قابليتها،

والامكانات الطبيعية والزراعية المتوفرة فيها مراكز متطورة للزراعة وتربية الحيوانات والدواجن والصناعات الخفيفة والسياحة وكذلك لدعم الامن والدفاع الوطني الى جانب الاسهام في تطوير وتقدم اقتصاد عموم العراق مع مراعاة التجميع الريفي العصري والجانب الامني والاستراتيجي.

9-تلتزم الجبهة الكردستانية بايقاف الاذاعات التابعة لها عن البث بعد اعلان هذا الاتفاق مباشرة، وتسلم هذه الاذاعات الى الدولة خلال ثلاثين يوما من تاريخ اعلانه.

10-العمل على تأسيس جامعة في محافظة السليمانية.

11-تخصيص رواتب تقاعدية لعوائل الذين استشهدوا او اعدموا او فقدوا من منتسبي الجبهة الكردستانية في الظروف الاستثنائية السابقة والعمل على تخصيص رواتب للمعوقين منهم وتأمين السكن المناسب لهم وذلك وفق تشريع خاص يصدر لهذا الغرض.

12- اعادة المشاريع التي توقفت عن العمل بسبب ظروف المنطقة الى وضعها الطبيعي.

13-وضع خطة سريعة للنهوض بالمنطقة واعادة بنائها ورفع ما اصابها من اضرار وتخلف.

14-الغاء جميع القوانين والقرارات والتعليمات الاستثنائية التي تقيد حرية المواطنين او تحول دون تقدم المنطقة وذلك بعد زوال الظروف التي اوجدتها وبالاتفاق بين الطرفين.

15-حل جميع التشكيلات والميليشيات المسلحة التابعة للجبهة الكردستانية خلال ستين يوما من تاريخ اعلان هذا الاتفاق، ويجرى استيعاب افراد هذه التشكيلات والميليشيات من غير المشمولين بالفقرتين (5 و 6) في قوى الامن الداخلي وحرس الحدود او بتطوعهم في القوات المسلحة وتتولى الدولة اعالتهم خلال الفترة التي تسبق ذلك.

16-تسلم الجبهة الكردستانية الاسلحة الثقيلة والمتوسطة التي بحوزتها الى الدولة خلال ثلاثين يوما من تاريخ اعلان هذا الاتفاق، اما الاسلحة الخفيفة فتسلم وفق خطة تضعها لجنة مشتركة من الجانبين وذلك خلال ستين يوما من اعلان هذا الاتفاق، ويمكن تمديد هذه الفترة مدة ثلاثين يوما اخرى اذا اقتضت الضرورة ذلك ماعدا الاسلحة الخفيفة التي تجاز لاغراض الحماية وباتفاق الطرفين.

17-اعادة العوائل العربية والكردية في المناطق المشمولة بالتطبيع الى قراهم ومدنهم الاصلية ماعدا الهجرة الطبيعية.

18-اطلاق سراح الكرد الفيليين من العراقيين والسماح للمرحلين منهم بالسكن داخل المنطقة، والسماح بعودة الموجودين منهم خارج العراق الى القطر خلال مدة سنتين والسكن في المنطقة وحسب رغبتهم.

19-تطبيق قانون تنظيم الملكية الزراعية في منطقة الحكم الذاتي رقم (90) لسنة 1975 تطبيقا يضمن مصلحة الفلاحين ويخدم الاقتصاد الوطني واعفاء المرحلين منهم عما ترتب عليهم من ضرائب جراء ترحيلهم وعدم استغلالهم اراضيهم.

20-يراعي تعيين الكرد في الوظائف، قدر الامكان في المناطق التي يسكنها عدد ملموس من الكرد خارج منطقة الحكم الذاتي والمحاذية لها.. وفق القانون.




## شاری کوێران چییە؟

نوسەری ئەم کورتە چیرۆکە (هربرت جورج ویلز)ە و ساڵی 1904 بۆیەکەمجار لە گۆڤاری ستراند)ی بریتانیایی بڵاو بوەتەوە.

چیرۆکەکە باس لە شارۆچکەیەکی چەپەر لە شاخەکانی ئالاندیز دەکات کە لە دنیا دابڕاوە، خەڵکەکەی تووشی نەخۆشی کوێربوون هاتوون و تەنانەت یەک کەسیان تێدا نییە چاوساغیان بێت.. و لەو دۆخەی کە تێدا دەژین ڕاهاتوون و پەیوەندیان بەدەوروبەریانەوە بچڕاوە..

ڕۆژێک شاخەوانێک (نیونز) کە بە ڕێکەوت لەودەوروبەرە سەرقاڵی شاخەوانیە دەخلیسکێ و هیچی لێ نایەت.. چاوی بە شارۆچکەکە دەکەوێت و دەبینێ خانووەکان پەنجەرەیان پێوە نییە و ڕەنگی دیوارەکانیش تۆخێکی تێکەڵوپێکەڵە... بە خۆی وت ئەڵێی کوێر ئەم خانوانەی دروست کردوە..!!

کاتێک چووە ناو شارۆچکەکەوە، بانگی خەڵکەکەی کرد، کە خەڵک هاتن بە دەنگیەوە، بینی کەسیان سەیری ناکەن، ئیتر زانی ئەوە (شاری کوێرانە)

خۆی پێ ناساندن و باسی چۆنیەتی ڕێکەوتی هاتنەکەی خۆی بۆ کردن.. پێی وتن خەڵکی شارەکەی ئەو بیناییان هەیەو شتەکان بە چاو دەبینن..

هەر ئەوەی وت، خەڵکەکە پرسیار بارانیان کرد، بینین چییە؟ خەڵک چۆن دەبینێت؟ خەڵکەکە بەدەم قاقای پێکەنینەوە گاڵتەیان پێ دەکرد و کارگەیشتە ئەوەی بە شێتی لە قەڵەم بدەن و هەندێکیان پەلاماری (نیونز)یان دا و ویستیان چاوی هەڵکۆڵن چونکە بە سەرچاوەی وڕێنەکانیان دەزانی..


(نیونز) هەرچی کۆشا نەیتوانی مەسەلەی بینین و نەبینییان تێگەیەنێت، بۆیە لە ترسی ئەوەی نەوەک چاوی خۆشی هەڵکۆڵن، هەڵات و بە خۆی وت: چۆن نابینایی دەبێتە نەخۆشی لەکاتێکدا بینین بۆ خۆی نەخۆشیە؟! .

"شاری کوێران" ئەو کۆمەڵگایەیە کە بە هۆی بیروڕا و باوەڕی خراپ، نەزانین و گەندەڵی و فەوزا و دواکەوتوویی و دەمارگیریەوە توندوتیژی تێدا تەشەنە دەسێنێت.. بۆیە هەر بانگ و داواکارییەک بۆ ڕۆشنگەری و پێشکەوتن بە توندترین شێوە ڕەد دەکرێتەوە و بە گومانەوە تەماشا دەکرێت...


شاری کوێران ئەو کۆمەڵگایەیە کە پۆپۆلیزم و ڕق و کینە و بوغز و توندوتیژی بۆ گەیاندنی بیروڕاکان تێدا باڵا دەست دەبێ.

لە پەیجی (الاب الروسي والعالمي) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی

**بە سوپاسەوە لە مەجید ساڵحم وەرگرتوە**



# لە یادی داستانە مەزنەکەی سەری ڕەش (٢٧/١/١٩٨٨)



ئیرادەی پێشمەرگە زۆر لە بیرکردنەوەی فاشستەکان بەهێزترە ..
لە ٢٦لەسەر ٢٧ ی ١٩٨٨ ڕۆژێکی بەفر و زریان و بارانی بەخوڕ لە دوای نیوەڕۆ کوڕانی مەڵبەندی ٣ی هەولێر بەسەرپەرشتی و بەشداری کاک کۆسرەت سەرجەم تیپەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێر و ت ٨٧ی قەرەچوغ و ٨٥ ی بەڕانەتی تیپی ٩٠باواجی تیپی ٩١ سەفین و ت٩٣ کۆیە و
تیپی مەڵبەند .
ڕێکخراوی ٢ی هەولێر سەرجەم مەفرەزەکانی مەڵبەند
بە پێی نەخشەیەکی دیاریکراو دوا نیوەڕۆی ٢٦/١
لە زیارەت بەڕێ کەوتین پۆل پۆل و کەرت کەرت .
سەرجەم ئەو تیپانەی باسمان کردوون لەناو بەفر و کڕێوە بەرەو هاوینە هەواری فاشستەکان کە
ماڵی گەورەی دیکتاتۆر صدام حسێن بوو
بەرەو قیرژەو سەری ڕەش بەرێ کەوتین کە هەر کەرت و تیپێک شوێنێکی بۆ دیاری کرابوو ،
وە هێزی پێشمەرگە پێشبڕکێی لەگەڵ مەرگ دەکرد! بەفر و ڕێژنەی بارانی بەهێز ..
چیای سەرکەشی سەفین و سەری ڕەش هێز و توانای خۆیان و سروشتیان بەکارهێنا بەرانبەر ئیرادەی پێشمەرگە !
بەلام هێزی پێشمەرگە گرەوەکەی بردەوە و سەرکەوتوو بوو .
کاتێ هێزەکەمان گەیشتنە گوندی (قیرژە )
ماوەکی کورت لەوێ ڕاوەستاین بۆ ئەوەی هێزەکان دابەشبن بۆ سەر ئامانجەکانیان ،
لەوکاتە ش.مامۆستا نامیق کۆڕی ،هاتە لای کاک کۆسرەت و برادەرانی مەڵبەند م.چەتۆ حەوێزی فەرماندی تیپ و کەرتەکان ،
م.نامیق کارەکتەرە سەرەکیەکە بوو بۆ دانانی نەخشە و پیلانی سەرکەوتنەکە ، ڕۆحی شادبێ.. وادیارە لەوکاتە هەندێک گۆڕانکاری لە تیپەکەی ئێمەدا رویدا بۆ شوێنەکان، وەک گۆرانکاری کەرتەکان ..
سەرەتا کەرتی من و سوارە بۆ دەرەوەی ماڵی صدام کە چەند ڕەبیەیەکی داندرابوو لەگەل دوو ناقیلە بۆ پاسەوانی مالەکە داندرابوون ..
ف.ك شەفیق چاوشین و شێرزاد جلال و ف.ك تیپ.
بۆ ناو کۆشك.
بەڵام کاتێ نامیق گوتی شوێنی ت٨٦
زۆر قورسە ،، ئەگەر تەماشای لاپەرەی
١٦٨ و ١٦٩ لە کتێبی قەندیل بەغدای هەژاند لە نوسینی شەهید ڕێباز بە وردی باسکراوە بەلام ناوی من و شەفیق چاوشینی نەهێناوە'
ش.ڕێباز منی جیاکردەوە و گوتی دەبێ تۆ لەگەل شەفیق چاوشین ناسراو بە ( شەفە )و
ملا سلێمان جێگر تیپ ،بچنە ناو خانوەکەی صدام گوتم باشە، بەرێکەوتین بەرەو دۆڵە برند، سوڕاینەوە بۆ ناو گوندی (بیرێ ژیان) و بە دیوی کۆڕێ سوراینەوە نێوان گوندی (ماولۆ) بەرەو سەری ڕەش
بێگومان هەمووی مۆڵگەی فاشیەکانە .. لەبەر بەفر و کڕێوە و زریان لەبەر هیلاکی پێشمەرگە کەس مەترسی دوژمنی نەمابوو !
لێرەدا بۆ ئەوەی هەڤاڵان بزانن من باسی شوێنەکەی خۆمان دەکەم چونکە هەموو تیپەکان و فەرماندەی تیپ و کەرت و پێشمەرگە دەوری قارەمانانەیان هەبووە بێ جیاوازی لەم داستانە مەزنە ..
لەناو بەفر پێشمەرگەکان هەروەڵەیان دەکرد بۆ ئەوەی لە سەرمان نەبورێنەوە تا کاتی سعاتی سفر .
چونکە هەموو گیانمان لەناو بەفر و باران تەڕ بوو ،بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێ کاتێ کە تەقە دەست پێ دەکات پێشمەرگە هەمووی لەبیر دەچێ ئەوەی پێشمەرگە بێ دەزانێ ...
بەهەرحال سعاتی سفر هات لە هەموو لایەک هەر تیپە و هەڵۆ ئاسا پەلاماری شوێنی دیاریکراوی دەدا
بەڵام لە ١٠م زیاتر پێشی چاوت نەیدەدیت تەنها گڵۆپە کزەکان نەبێ .
دەنگی تەقە بەحال دەبیسترا ، ئێمە لەبن دیواری ماڵی صدام بووین من و شەفیق و ملا سلێمان ،
ملا سلێمان شەفیقی بلند کرد بۆ سەر دیوارە پانەکەی حەوشەی صدام ،
صباح ئیلنجاغی و دوو پێشمەرگەی تر ئەوان دەستی منیان گرت تا بەسەر کەوتین ، لە هەموو لایەک بوو بە تەقە ..
دەستمان زۆر تەزی بوو وام ئەزانی پەنجەکانمان ئەستوور بووە پێشمەرگە دەستی وەک پێویست چەکی نەدەگرت ، شەفیق ئاربیجی تەقاند..
ئێمەش بە ڕومانە و کلاشینکۆف بی کەی سی پێکەوە هەموومان هێرشمان برد بە ماوەیەکی کەم کۆشک و تەلاری فاشستەکان کەوتە ژێر پێڵاوە لاستیکیەکانی ی،ن، ک !
ئەو دوو ناقیلەیەی بەردەرگای ماڵی صدام
کاتێک بە ئاگا هاتن پێشمەرگە لەناو حەوشەکەوە چوونە سەریان ،
کەرتی سوارە و شێرۆ'ش لە دەرەوە بۆی چوو بوون ، دوای ئازادکردن هەموو برادەران هاتن ، شەهید ڕێباز لەگەل سەفین ملا قەرە هاتن .
دوایی ئێمە من و فتح الله داربەسەری TNT مان برد و لەگەڵ هەندێک جەماعەتی هەندەسە . بەشێک لە ژوورەکانمان تەقاندەوە و ئاگری تێبەردرا ، دوایی ئاگەداریان کردینەوە کە بگەرێینەوە ، کاتێک چووینە لای کاک کۆسرەت لە لای کۆشک کۆنی مەلیک کە کۆگای چەک و تەقەمەنی لێ بوو ، کاک کۆسرەت لەگەل م. چەتۆ حەوێزی ، شەهید تحسین کاوانی و احمد کوردە و
مامۆستا بەکر مستەفا فەرماندەی تیپی٩٣ کۆیە لەوێ بوو ، بانگی کردم دوای هەواڵپرسین و دەستخۆشی گوتی هەر پێشمەرگەیەک دوو تا سێ چەکی زیاد بەرن ، لەبەر ئەوەی زیاتر لە دوو هەزار پارچە چەکی جیاجیای تیابوو ،
پێشمەرگەکانم ڕیزکرد گوتم چەکی زیاد بهێنن یدولله گوتی چەند سندوقێک حەفتاوپێنجی لێیە.. گوتم چەکەکان دابنێ ، یەک فەردە پڕ کە ، کاتێک هێنای هەندێک ڕۆیشتین تەماشام کرد هەمووی مەغزەنی تەکتاریۆ بوو زۆر خراپ بوو بە کەلک نەدەهات ، گوتم هەمووی فرێ دە برۆ دوو چەک زیاتر هەڵگرە .

بەداخەوە لەم داستانە ١٤ پێشمەرگە شەهید بوو بەڵام تەنها ٥ کەس بە گولە شەهید بوو یەکێک لە ناویان
فەرماندەی کەرت کوڕە ئازاکەی ت٩٣
فەخرەدین ( ناسراو بە بەرخە ) باقی شەهیدان لەناو بەفر و زریان شەهید بوون !... ڕۆحیان شاد بێ،
ئەو داستانە مەزنە تەنها بە نووسین خۆشە
ئەو سەرکەوتنە تەنها ئەگەر لوتکەی سەفین و سەری ڕەش شاهێدی بدات ئەگەر نا باوەڕ کردن بەم چیرۆکە ئەستەمە ..
چ شەوێک بوو ! لە بەفر و بەستەڵەک و بارانی بەخووڕ لەماوەی زیاتر ٣٠ سەعاتی خایاند چونکە لە کاتی بەرێکەوتن تا کۆتایی کەش و هەوا هیچ هاوکاری پێشمەرگە نەبوو!
دڵنیام ئەوانەی ڕۆژێک ساردی و هەوراز و نشێویان نەدیوە گاڵتەیان بەم چیرۆکە دێت ،
سلاو بۆ ئەو تێکۆشەر و فەرماندە و پێشمەرگانەی بەشداری ئەو داستانەیان کردووە ..
ڕۆحی شەهیدان شاد بێ ئەوانەی خۆیان کردە قوربانی لە پێناو ڕزگاری خاک و نیشتمان ...

تێبینی: داواکارم سەرانی یەکێتی بۆ یادکردنەوەی داستانەکان چ بە نووسین چ لە میدیاکان خەڵکی پەیوەندیدار چاوپێکەوتن بکەن بۆ ئەوەی ڕووداوەکان وەک خۆی باس بکرێت ، زۆرجار کەسێک ڕووداوەکان و یادەکان باس دەکات هەم
لە ڕووی تەمەن هەم لە ڕووی زانیاری ئاگەدار نیە بۆی باسکراوە خۆشی دەکاتە پاڵەوانی داستانەکە ..
داوای لێبوردن دەکەم کە ناوەکانی ترم نەنووسیوە چونکە فەرماندەکانی ئەوکات هەموویان دیارن زۆر جاری تر باس کراون ، من تەنها وەک ڕوونکردنەوەیەک باسم کرد چونکە کۆشکی صدام بۆ تیپی ٨٦ دانرابوو  گرتنی ماڵی صدام بۆ ئەوانەی باسم کرد داندرابوو ، بەلام بەداخەوە شەهید ڕێباز هیچ باسی نەکردبوو ، کاتێک لە دهۆک بوین یاداشتەکەی بەشی یەکەمی نووسی بوو ڕەخنەم لێگرت یادی بەخێر بۆم گێراوە  گووتم تەنها ناوی من و شەفەت نەنووسیوە بۆ ..؟
هەندێک شوێنەکەی خۆیان نەگرتبوو باست کردووە ..
گووتی : بەشی دووەم قەڵەمەکەم لێ وەربگرە ئەوانەی لەبیرم کردووە بۆم ڕاستبکەوە بە داوای لێبوردنەوە .
بەڵام بەداخەوە ڕۆژگاری ڕەش ڕێگای نەدا ڕۆحیان شادبێ..

هەر هەڤاڵێک ڕەخنەی هەیە بە چاوان .

**لەگەڵ ڕێزمدا ...**

**براتان لیوا جەلال ئیلنجاغی**



## گەورەترین برین

کە دایکم مرد..
نە ئەستێرەکان هەڵوەرین
نە ماسیەکان کۆچیان کرد..
کە دایکم مرد
نە فرمێسکێ لە چاوی ئاسمان هاتە خوار
نە باڵدارێ خەم دایگرت
نە گوڵێکی کۆشی بنار
کە دایکم مرد
نە مانگ نە خۆر نەگیران
پەرییەکیش لە ژووری سەری
چرایەکی دانەگیرسان
کە دایکم مرد
زەوی هەر وەك خۆی مایەوە
بەڵام لە ناو دڵی مندا
دەرگای کۆنی قوڵترین زام کرایەوە
ئای دایە گیان دوورییەکەی تۆ زۆر گرانە..
دوورییەکەی تۆ نە کرووزەی تینوێتییە
نە زویری و توڕە بوونی دەسگیرانە..
لە دووری تۆ زۆر زۆر هۆڵمە
هەڵگورد خەمە و باری کۆڵمە..
ئەگەر شەوێ لە شەوان
لە توێی خاکی گڵکۆوە
ڕووناکییەك دڵۆپ دڵۆپ تاریکایی ماڵی کردی بە چراخان
وا نەزانی مۆمە.. منم.. من ئەسوتێم بە دیار تۆوە..
ئەی دایە گیان
بە نوقڵ هەر دەڵێم نوقڵ
بە برین هەر دەڵێم برین..
بە گوڵیش هەر دەڵێم گوڵ..
بەڵام دایە..
ئیتر هەتا هەتایە
من بە کێی دی بڵێم دایە..؟

**لەتیف هەڵمەت**



# بەسەرکردنەوەی شەهیدان


ڕووسوورەکانی مێژوو ،کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان ،نەمر گەشمردە تالیب عوومەر شەریف ناسراو بە تالیب کەناروێی ،ئەو بناری گمۆیە لانەی هەڵۆ و جێگەی قاسپەو سۆزی بەفرو سرتەی یاخی بوون و مەتەرێزی چۆڵ نەکراوی خەباتە ،قەد مل کەچی نەبینیووە قەد خۆی بەدەستەوە نەداوە هەرگیز نەعرەتەوهاواری ویژدانی لێنەبڕاوە ......، بەو بنارەوە کەڵەکێوی یەک دوو پەل لەباو ،دووقاچ لە بەفرو ،دڵ لەڕێواس،چاو لەهەڵۆ،نەعرەتەی شێر ،پەلامر بەوور،هەناسە لەشنەشنی هەڵسێکی باڵاهەڵچوو، وەکو سنەوبەرێکی چوار وەرز سەوزی تەڕ بەناخی بەفروبەردو عەشقی خاکا ڕۆچوو بوو،سمۆرەیەکی زیتەڵەی نەسرەوتوو لەناخیدا ختولکەی خۆشەویستی نیشتیمانی ئەدا ، ئەو عەشقی باو بەفرو باران و ڕێگای هات و نەهات بوو ،ئەو سۆزی هەتاو و مانگەشەوی تولەڕێگاو کازێوەی سرکی سەر ڕنوە بەفری نەترساو نەخلیسکاو بوو ، ئەو ختولکە نەسرەوتووی ڕێگای خەباتە کاکە تالیب عوومەر شەریف بوو ناسراو بەتالیب کەناروێی ،لەساڵی ١٩٥٩ لە لەخێزانێکی نیشتیمان پەروەر لەگوندی کەناروێ چاوی بەژیان هەڵهێناوە و لەگوندەکەی خۆیاندا سەرقاڵی کاری کشتوکاڵی و باخ و سەرقاڵی ژیان بووە ، بەڵام هەر لەسەرەتای لاوێتی و دروست بوونەوەی مەفرەزە سەرتایی یەکان دەکەوێتە کەڵکەڵەی خەبات و پێشمەرگایەتی کاتێک پێشمەرگە تاق و تەرا هاتوچۆی گوندەکەیان دەکەن ، هەر بۆیە لەساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە دەکات و سەرەتای ساڵی١٩٧٩ لەکەرتی یەکی هەرێمی سێ دەبێتە پێشمەرگەو ، لەبەر دڵسۆزی و ئازایەتی و گوێڕایەڵی فەرمانی شۆڕش ساڵی ١٩٨٠ دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزەو ،دواتریش جێگری فەرماندەی کەرتی یەکی تیپی ٣٧ شارباژێر،دواتریش فەرماندەی کەرت ، ساڵی ١٩٨٢ بۆ پشتیوانی لەڕۆژهەڵاتی نیشتیمان کەناو نرابوون هێزی پشتیوانی بەشدار دەبێت و لە ناوچەی کونەمشکێ ناوچەی سەقز لە ڕێکەوتی ١٩٨٢/١٠/٢٥ چووە کاروانی نەمرانەوە هەزار یادی بەخێر ڕەوانی پاکی شاد ،جێگای ئاماژەیە کاکە تالیب بەشداری زۆری شەڕەکانی ئەو ناوچەیەی کردووە بەشداری بەرچاو و سەرپەرشتکاری زۆریشیان بووە ،هەمیشە نموونەی بوێری و قارەمانێتی بووە ، پیاوێکی گورج و گۆڵ و خۆشەویستی ناو خەڵک و پێشمەرگە و ئێستاش گۆڕێ پیرۆزی لەدێگەڵ بەرامبەر گمۆ وەک گمۆ هەڵچووە ڕەوانی شاد /ڕزگارەسوور








## سەرووەری
## مەلاشاخی
# شەهید عەلی حاجی قولی بەگی




- علی حسین محمد
- ساڵی ١٩٥٢ لەگوندی قولی بەگ لەناوچەی شوان لەدایک بوو بوو.
- ساڵی ١٩٦٦ دەبێتە پێشمەرگە
- ساڵی ١٩٨٠پەیوەندی دەکات بە(ی.ن.ک)ەوە.
- ساڵی١٩٨٢ دەبێتە پێشمەرگە لەمەڵبەندی دوو لە بەرگەڵوو.
- بەشداری دەیان چالاکی دەکات.
- دوای ئەنفال درێژە بەخەبات دەدات.
- بەشداری راپەڕینی ١٩٩١ دەکات.
- ساڵی ١٩٩٢تا١٩٩٤ فەرماندەی دەستەدەبێ لە سکرتارییەتی هەڤاڵ مام جەلال.
- بەداخەوە لە ١٩ ـ ٥ ـ ١٩٩٤ لە کۆیە شەهید دەبێت.

روحی شاد.

## سەرووەری
## مەلاشاخی
# * شەهید فەریدون بیرەسپانی




- جواد شفیق شێخ نجم
- ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی بیرەسپان گەورە لەناوچەی ساڵەیی ـ کەرکوک چاوی بۆژیان هەڵهێنا.
- زانکۆی موسڵ ی تەواو کرد.
- ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی دەکات بە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانەوە.
- لە ٢٦ ـ ١٢ ـ ١٩٨١ بوو بەپێشمەرگە.
- لە ٢٦ ـ ١ ـ ١٩٨٣ شەهیدبوو .
- کاتی شەهیدبوونی

ئەم چوارینەیەم بۆ نووسی:
خوێنی فەریدون لە(ئاوماڵ)چۆڕا.
بەڵام ئەوخوێنە نەچوو لە خۆڕا.
نامی سەوزی ئەم خاکەی ئاودا
دواى شەهیدبونی کوردستان گۆڕا.

روحی شاد.

# خوێندکارێکی دەرەکی کە لە یۆگوسلافیای سەردەمی دەسەڵاتی تیتۆدا لەو وڵاتە خوێندوویەتی؛ دەگێڕێتەوە:

لە یوگوسلافیا کرابوو بە نەریت، خوێندکارانی دەرەکی کاتێ خوێندنیان تەواو دەکرد، دەبردران بۆ دیداری تیتۆی سەرۆکی ئەو وڵاتە.
ئێمەیشیان بەگوێرەی ئەو نەریتە برد بۆ دیداری تیتۆ. ئەو گوتەیەکی پێشکەش کردین، لەناو قسەکانیدا یادەوەرییەکی سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕشی یۆگوسلافیای گێڕایەوە.

گوتی: چەند ساڵ دوای سەرکەوتنی شۆڕش و جێگیربوونی وڵات هەواڵمان پێ درا سیخوڕێکی دەستگای ئیستیخباراتی ئەمریکی "سی. ئای. ئەی" لە کابینەی دەوڵەتەکەماندایە. بیدۆزنەوە و بیگرن. تیتۆ گوتی: ماوەیەکی زۆر پەیوەندیی تەلەفوونی و ڕەوتار و هاتووچۆی تەواوی ئەندامانی کابینەی دەوڵەتمان خستە ژێر چاودێرییەوە، و هەموو هەوڵێکمان دا خستە گەڕ، کەچی بێئومێد بووین و هیچ سەرەداوێکمان دەربارەی ئەو سیخوڕەی باس دەکرا، چنگ نەکەوت.

تیتۆ کە لافی سەربەخۆیی لە ڕووسیا لێدەدا، نەیدەویست پەنا بباتە بەر ئەو وڵاتە بۆ دۆزینەوەی سیخوڕەکە، کەچی دوای ماوەیەکی دوورودرێژ لە گەڕان و پشکنین، نائومێدانە و سەرکزانە داوای هاوکارییان لە ڕووسەکان کرد یارمەتییان بدەن. دەستگای "کەی. بی. جی"، هەواڵ بە تیتۆ دەدات؛ سیخوڕ ئاماژەبۆکراو جێگرەکەی خۆتە، واتە جێگری سەرۆکی یوگسلافیا!

تیتۆ بەو هەواڵە دەحەپەسێت، لە دوای تەواوبوونی یەکێک لە کۆبوونەوەکانی کابینەی دەوڵەت، داوا لە جێگرەکەی دەکات بمێنێتەوە.

تیتۆ دەڵێت: وەختێ هەردووکمان بە تەنیاماینەوە، دەمانچەم لەسەر تەوێڵی جێگرەکەم ڕاگرت و وتم؛ تۆ سیخوڕی سیایت؟ وەختێ تێگەیشت هەموو شتێکی لەسەر ئاشکرا بووە، بەبێ هێنان و بردن دانی بە سیخوڕێتیی خۆیدا نا. لێم پرسی: لە کەیەوە سیخوڕی بۆ سیا دەکەیت؟ گوتی لە سەردەمی زانکووە، بەر لە سەرکەوتنی شۆڕش، وەختی خەباتی گەریلایی.

تیتۆ دەڵێت: لەو ماوە دوورودرێژەدا، لەگەڵ بوونی دەستگای هەواڵگریی بەهێزی دەوڵەتدا، هیچ پەیوەندییەکی تۆ بە سیاوە نەبینراوە. گوتی: ئێستایش هیچ پەیوەندییەکم بە سیاوە نییە!

تیتۆ دەڵێت: تۆ چتۆ ئەندامێکیت کە پەیوەندیت نییە؟ جێگر گوتی: سیا یەک ئەرکی پێ سپاردووم، تا ئێستا بە باشی جێبەجێم کردووە. پرسیم ئەو ئەرکە چییە؟ گوتی ڕاسپێردرابووم کە ئەگەر شۆڕش سەرکەوت و دەسەڵات کەوتە دەستمان، من دۆسیەی هەڵبژاردنی ئەندامانی کابینەی حکوومەت بگرمە دەست و کەسانی ناپسپۆڕ و نەشیاو بۆ پۆستە هەستیارەکان هەڵبژێرم، منیش هەر وام کردووە!
تیتۆ دەڵێت؛ چاوێکم بە وەزیر و بەڕێوەبەر و کاربەدەستە باڵاکانی دەوڵەتدا دا خشاند، دەبینم ڕێک وایە، کەس لە جێی شیاوی خۆیدا نییە، بۆ نموونە کابرا دکتۆرای لە بواری کشتوکاڵدا هەیە، کراوە بە وەزیری وزە، یەکێکی تر ئەندازیاریی کارەبای خوێندووە، کەچی وەزیری شارەوانییە!

جێگرەکەی تیتۆ دەڵێت: سی. ئای. ئەی بڕوای وا بوو، ئەگەر ئەم ڕێگایە بگیرێتە بەر، شۆڕش بە بێ کودەتابەسەرداکردن و هێرشی دەرەکی، لە دەروونی خۆیەوە هەرەس دەهێنێت.
چاوێک بە هەرێمی کوردستان و عێراقی دوای ٢٠٠٣دا بخشێنن و ورد ببنەوە، بزانە هەمان سیناریۆ نابینن!

**بە سوپاسەوە لە ئەکاونتی د. هێمن خورشید وەرگیراوە**




# یەختەکەی (تیتۆ) چاکدەکرێتەوە

کەلوپەل و پاشماوەی سیاسەتمەدار و کەسایەتیە هەرە دیار و بەرچاوەکان جێگای ڕێز و تێڕوانینێکی زۆرن، بۆیە دەبینین ناوە ناوە لە فرۆشتنی ئاشکرادا دەخرێنە ڕوو و بە پارەیەکی قەبە و گرانبەها دەفرۆشرێنەوە، ئەوەتا لە مینای (بار) ی چیای ڕەش یەختەکەی سەرۆکی پێشووتری یوگسلافیا (تیتۆ) بە داپۆشراوی ماوەتەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بە شێوەیەکی باشتر چاکی بکەنەوە، جێی باسە ئەو یەختە کە درێژییەکەی 32 مەترە و نرخەکەی 80 هەزار یۆرۆیە کە دەکاتە 92776 دۆلاری ئەمریکی ڕەنگەکەی سپیە و لە دار دروستکراوە و تەمەنی 41 ساڵە و چەند تایبەتمەندییەکی هەیە لەوانە شانۆیەکی گەورەی تێدایە کە پێشتر چەندین ئاهەنگی بۆ پیاوە دیارەکاندا تێدا بەڕێوەچووە، ماوەتەوە بڵێین سەرۆکی پێشووتری یوگسلافیا (جۆزیف بروز تیتۆ) کە لە بنچینەدا کرواتی بوو لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم بۆ ماوەی 27 ساڵ وڵاتەکەی بەڕێوەبردوە و بە سەختی دژی نازییەکان بوە تا لە ساڵی 1980 کۆچی دوایی کرد.

**سایتی هەولێر**



# شەڕی ڕوسیاو ئۆکرانیاو بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی


## سەرکەوتی جیهاز و بەختیار نامیق




ئەوەی ڕوو دەدا لە نێوان ڕوسیا و ئۆکرانیا تەنها نمایشێکی سەربازی نیە  بەڵکو دنیایەک ڕەهەندی تری هەیە ، کە ئەگەر هەمو  ڕەهەندەکانی نەخوێنرێتەوە ناتوانین قسە لەسەر ئەم گۆڕانکاریانە بکەین ، بە تایبەت ڕەگە مێژوییەکەی ، دەکرێ باس لە زیندوبونەوەی ورچە سپیەکە بکەین بۆ گەڕاندنەوەی وارشۆ و سەر لە نوێ داڕشتنەوەی جیوپۆلەتیکی یەکێتی سۆڤیەت  ، ئەمەش بە کەڵک وەرگرتن لە هەڵەکانی هەردو جەنگە جیهانیەکە و دۆسەیی هاتنەپێشەوەی ئەژدیهاکەی چاینا  (سین) و هەوڵی هەڵنوشینی دنیا بە هاوکاری ڕوس و کۆتایی هێنان بە تاک جەمسەری و لەسەرو هەموشیانەوە ڕێگای ئاوریشمی (یەک پشتێن و یەک ڕێگا) لێرەوە کێشەی ئۆکراین کێشەیەکە بۆ ڕوسەکان بڕیاری چارەنوس سازە ، بە تایبەت دوای دوگەی قرم کە ڕوسیای هێنایە ناو سوریا و عێراق ، بە هەمان شێوە ئۆکرانیا بۆ ڕوسیا بایەخی دەروازەیی هەیە و لە ناوخۆی ئۆکرانیاش بەشێکی تەواو ڕوسین و زیلینسکی دوای سەرکەوتنی پەیوەندی بە پۆتێن و کرملنەوە باش بو بەڵام کە چوە هاوپەیمانی ناتۆوە خراپ بو ، بەڵام دوای ڕێککەوتنەکانی ئەڵمان و ڕوس و تەواو بونی بۆری غازی نۆرد ستریمی دوو هێندەی تر ناتۆی توشی پەرتەوازەی کرد ، هێڵی غازی نۆرد ستریمی یەک بە ناو ئۆکرانیا دەڕوات بۆ ئەڵمان ، وا هێڵی دوش کۆتایی دێ ، ڕوسەکان لەوەدا گرەویان بردوەتەوە کە غازی ئەوروپا لە ڕێی ئەڵمانەوە دابین دەکەن و ئەمەش بەهێزترین کارتی دەستی ڕوسەکانە و ئەمریکاش لە پاشەکشەدایە و بۆ ئەمریکیەکان شەڕی چاینا لە پێشترە تا ڕوس بە تایبەت دوای ئەوەی لە حاڵەتی شەڕی ڕوسدا چاینا هەڕەشەی شەڕی تایوان دەکات ، ئەمریکیەکان دەیانەوێ لە ڕوس نزیک بنەوە یان هیچ نەبێ دوژمنیان نەبێ ، بۆیە ئەمریکا بە گشتی لە پاشەکشەدایە و ڕوسیش لە برەودایە ، خۆ ئەگەر ڕوس کارتی غاز بەکار بێنی کە ئێستە بە بۆریەکانی نابۆکۆ و تاناب و نۆرد ستریمی دووەوە لە کێشەدان و کێشەی غاز بۆ ئەوروپا دروست دەکات ، بۆیە  ژینگە بۆ ڕوسەکان لەبارە کە دەروازەکەی کە ئۆکرانیایە داگیر بکات یان وەک بیلاڕوس دەستەڵاتێکی سەر بە ڕوس حکوم بکات ، کە پێ دەچێ بە لابردنی زیلینسکی و کودەتایەک تەواو بێت و ناتۆش هیچ نەڵێ ، یان وەک کامەران مەنتک دەڵێ ڕێککەوتنێکی ژێر بەژێر لە نێوان ئەمریکا و ڕوسدا هەبێت ، بە گشتی دەبێ ئۆکراین بچێتەوە ژێر هەژمونی ڕوسی و جا ئیتر شێوازەکە کودەتا بێت یان داگیرکردن ، لە بەرامبەردا ناتۆ بە هۆی کارتە بەهێزەکانی ڕوسیاوە ناتوانێ هیچ بکات
.

لە ئێستادا هەم لە جیهان و هەم لە تورکیا و ئێران کێشەی غاز هەیە ، بە تایبەت دوای ئەوی ئێران غازی لە تورکیا گرتەوە بە بیانوی ئەوەی بەشی پێویستی ناوخۆی ناکات ، غاز لە ڕوسیاشەوە بۆ تورکیا کێشەی تێکەوتوە ، هەم تورکیا و هەم ئەوروپا بە دوای بەدیلی تری غازدا دەگەڕێن ، یەکێ لە بەدیلەکان غازی چەمچەماڵە و هەر بۆ ئەم مەبەستەش نێچیرەڤان سەردانی ئەردۆغانی کرد ، تورکیا و ئێران هاوبەرژەوەندین ناشیانەوێ لە هیچ شوێنێک کە درێژکراوەی ئەم دوو زلهێزە ناوچەییە بن بنەمای دەوڵەتداری و دامەزراوەیی هەبێت و پشت بە حوکمی خێڵ و بنەماڵەکان دەبەستن ، خۆ ئەگەر غازی چەمچەماڵ بەدیلێکی کەم بێت هەم بۆ تورکیا و هەم بۆ ئەوروپا ئەوا ئەم کێشانە کە ڕودەدەن و هەموی پەیوەندی بە کێشەی ئۆکرانیاوە هەیە لە قازانجی کوردی هەرێم دەبێ و چی ئێران و چی تورکیاش نایانەوێ کوردی هەرێم لە خێڵ و بنەماڵەوە بە هۆی ئابوری غازەوە هەنگاو بۆ دەوڵەت بنێ بۆیە بۆ ئەوان ئاسانتر و باشترە لە ڕێگەی ناوەند و بەغداوە بێت ، بڕیارەکەی دادگای عێراق پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کێشە هەنوکەییەکانی غازەوە هەیە لە دنیادا ، یەکەم هۆکاری بڕیارەکەش تورکیا و ئێرانە ، ئەگەر چی بۆ دەرباز بون لە کێشەی خێڵ و گەندەڵی بۆ کورد باشە کە پارتی یەکێتی پارە و چەکیان لێبسەنرێتەوە ، بەڵام گرنگە لە عێراقدا دوای لاوازبونی پێگەی پارتی و یەکێتی کورد بتوانێ ڕابەرایەتیەکی هەبێ بەرگری لە مافەکانی کورد بکات .

بە گشتی کێشەی ئۆکرانیا لە بەرژەوەندی ڕوس کۆتایی دێ و کوردیش لە عێراق زیاتر دەچێتەوە بەغداد و تا ئاستێک دەستەڵاتی کوردی بەرەو بچوک بون دەچێ بە گریمانەی کۆتایهاتنیشەوە ، ئەمە دەرهاویشتە و بەرهەمی نەبونی یەکێتی ناوەکی کیانی سیاسی کوردیە و وە سود وەرنەگرتن لە بەریەککەوتنە ناوچەیی و جیهانیەکانە.




کۆنترین نەخشەی ئێران کە لە ساڵی ١٧٩٤دا لە لەندەن چاپکراوە و کەرکوک وەك یەك لە دوو شاری هەرە گەورەی کوردستان نیشان دەدات

# نامەیەکی کراوە بۆ سەرکۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان

ڕۆژنامەنووس: جوان بەکر مەعرووف - فرانکفۆرت
پرۆفیسۆر: دکتۆر فەرەیدوون کەریم - تێکساس

دوا بەدوای بەشداربوونمان لە وێبنێری کوردیش ئینستیتیوت-واشنتن لە ئەمەریکا و لە ئەنجامی گوێگرتن لە گفتوگۆ و پێشنیارەکانی (مایکل گەنتەر) پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی تەکنەلۆجیای (تەنەسی) لە ئەمەریکا. (براندن ئۆلبێری) پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی پەنسلڤانیا لە ئەمەریکا. (پیتەر گاڵبرێس) باڵوێزی پێشووی کرواتیا و یاریدەدەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەفغانستان.

گەشتین بەو دەرئەنجامەی بە نامەیەکی کراوە بەڕێزتان و ڕای گشتی ئاگادار بکەینەوە لەو ئامۆژگاری و ئاگادارکردنەوانەی کە لەلایەن ئەم بەڕێزانەوە ئاراستەی گەلی عێراق و نەتەوەی کورد لە عێراق و بەڕێزانتان کران. لە میانی گفتوگۆی مایك بەشێوازی پرسیارێك ئاماژەی بەوە دا کە ئایا گەلی کورد ئامادەی ئەوەی هەیە ببێتە نەتەوە؟! بۆ سەلماندنی قسەکانی گوتەیەکی فەیلەسووفی کۆمەڵناس (ئیرنەس ڕینان)ی هێنایەوە و گوتی، بوون بە نەتەوە واتا هەمیشە جەنگان لە مەیداندا بۆ خۆپێناسەکردنی نەتەوەکەت و پاراستنی. گوتی ئایا کورد ئەم حەز و ئامادەبوونی بەردەوامەی تێدایە؟ بەبڕوای ئێمە لێرەدا مایك ئاماژەی دا بەگەلی کورد کە دەبێ ئێمە لە ڕووی فکرییەوە خۆمان داڕێژینەوە و بەردەوامی بەخۆمان بدەین تا دەگەین بە ئامانج و لە نەتەوەبوونیشدا ئامانجی کۆتایی بوونی نییە و دەبێت بۆ بەردەوامبوونی هەمیشە لە خەباتدابین، مەنزڵی کۆتا بوونی نییە و چوون بەرەو لووتکە ڕۆیشتنێکی بێ کۆتایە.

هاوکات ئاماژەیان بەوە دا، لەم ڕۆژانەدا لەگەڵ زانایەکی تورك قسەم کردووە لەبارەی کوردەوە و باسی لەوە کرد، کە کورد پەرشوبڵاون و دەتوانیت بەئاسانی دەست بگریت بەسەریاندا و کەس ئەژماریان ناکات و سەنگیان نییە. بەبڕوای ئێمە قسەی ئەم زانا تورکە دەبێت سوودی لێ وەربگیرێت و ڕێی دۆزینەوەی چارەسەری بۆ کورت کردووینەتەوە، کە ئەویش یەکدەنگیمانە، ئەمە لە کاتێکدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەموو پلانەکانی سیاسەتی دەوڵەتانی هەرێمایەتی بەرانبەر بەئێمە، بنەماکەی ئاشکرایە و دەکرێ بەسوودوەرگرتن لەو خاڵە لاوازەی ئێمە کە خۆیان ددانی پێدا دەنێن پلانەکانیان پووچەڵ بکرێتەوە.
لە میانی گفتوگۆکەیدا ئاماژەی دا بەوەی کە ئەمەریکا بەڵگەی ئەوەی لە بەردەستە بەهۆی ناکۆکی ناوخۆییەوە، کورد خۆی نایەوێ ببێتە نەتەوە! لێرەدا ئێمە هەموو تاکێکی کورد بە بەرپرسیار دەزانین لە نایەکگرتوویی و نەبوونی خۆشەویستی بۆ هاونەتەوەکانی خۆی و بەکەمبینی یەکتر. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەمەریکا بەئاشکرا هاوار دەکات لە کورد یەکبگرن تا ڕزگار ببن. دواتر براندن هاتە قسە و پشتگیریی خۆی بۆ گوتەکانی مایك دووپات کردەوە، بەڵام ئەمجارە براندن زۆر ئازایانە پەنجەی درێژ کرد بۆ چەند خاڵێکی گرنگ کە ئەمانەن :

١_ پەرتوبڵاوی کورد نەخۆشیی (پاسۆلۆجی)یە و ناتوانن یەك بن و زۆر بە ئاسانی بە سیاسەتی (دابەشیان بکەو زاڵ بە بەسەریاندا )، دەتوانیت نەهێڵیت بگەن بە ئامانجیان. ئێمە بڕوای تەواومان بەم گوتانەی بەڕێزیان هەیە و پشتگیری دەکەین و بڕوامان وایە تاك بەتاکی کورد خاوەنی ئەم نەخۆشییەیە و دەبێت کار بۆ چارەسەری بکرێت . سەرەڕای ئەوەی کە بەڕێزیان نەخۆشییەکەی بۆ دیاری کردووین و لەناو گوتەکانیشدا ئاماژە بە چارەسەرەکەی دەدات.

٢_ براندن خاڵی هەرە گرنگی وەك ئاگاداری ئاراستەی بەڕێز بەرهەم ساڵح کرد و دەستی خستە سەر ئەو کارە نەکراوەی کە بەڕێز مام جەلال دەبوو کاتی خۆی بیکردایە. بە قسەکانی براندن، بەڕێزیان گرنگییان پێ نەداوە و پشتگوێیان خستووە، بۆیە گرنگە ئێستە دکتۆر بەرهەم ساڵح بۆ چارەسەری ناوچە دابڕێنراوەکان هەم وەك عێراقی و هەم وەك کورد و هەم وەك پارێزەر و بەرپرسی یەکەمی دەستووری عێراق، بەپێی دەستوور بۆی هەیە و دەبێت داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکات نوێنەر و لیژنەی خۆیان بنێرنە عێراق و ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن، دەستووری عێراق بە گشتی جێبەجێ بکرێت کە ئەو بەرپرسی یەکەمی پارێزەری دەستووریی عێراقە. ئێستە داوا لە بەڕێزتان دەکەین بەپێی دەستوور دەست بکەن بە چارەسەری ناوچە دابڕێنراوەکان. داواکاری کارێکی وەها هەموو دنیا دەزانێت دەستوورییە و لە دوای ڕووداوەکانی ٢٠١٧ نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایان گەیاند لە عێراقدا کێشە لە جێبەجێکردنی دەستووردا هەیە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئامادەبوونیان بۆ یارمەتی جێبەجێکردنی دەستزوری عێراق.
٣_لەمیانی گوتەکانیدا براندن ئاماژەی بە مادەی (١١٠و ١١٥)دا کە تایبەتە بە باسی نەوت کە بەپێی ئەو دوو مادەیە، کورد بۆی هەیە لە هەرێمی کوردستان لە دوای ٢٠٠٥، چەند بیرە نەوتی دۆزیوەتەوە و سوودی لێ وەرگرتووە، داهاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان بێت و بەهیچ شێوەیەك بەشی بەغدای لێ نەدات، تەنیا بڕیارێك لەوبارەوە بەغدا دەتوانێ قسەی تێدا بکات، ئەوەیە کە نەوتەکە بفرۆشرێت بەکێ؟ بەبڕوای ئێمە ئەمە ئاماژەیە بۆ سیاسەتی کورد لە هەرێمی کوردستان کە دەبێت لە هیچ دانوستانێکدا لەگەڵ بەغدا سەرەڕای هەموو فشارە ناوخۆی و هەرێمایەتییەکان، نابێت دەستبەرداری فرۆشتنی خۆماڵی نەوت ببێت .




٤_براندن لە درێژەی قسەکانیدا گوتی کورد لە عێراق ئێستە لە مەترسیی گەورەدایە و نەیشاردەوە کە ترسی ئەوەی هەیە لەوانەیە لە 10 ساڵی داهاتوودا (کوردستان) لە کوردستانەوە بگۆڕێت بە (سلێمانی ستان)! ئێمە وەك نووسەری ئەم نامە کراوەیە، دڵمان بەم وشەیە خورپەی کرد و ئازاری خۆمان ناشارینەوە، بۆیە داوا لە ڕای گشتی دەکەین بیری نەتەوەیی و کولتووری کورد و یەکگرتوویی لەم مەترسییە قوتارمان دەکات .

٥- لە یەکێك لە ئاماژە گرنگەکان گوتی بۆ ڕزگاربوون لە پارچە پارچەیی کورد، پێویستە دەستووری هەرێمی کوردستان بە زووترین کات بنووسرێتەوە. هاوکات ئێمە لێرەوە داوا لە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی هەرێمی کوردستان دەکەین باشترین کاتێك لەبەر دەستی بەڕێزتان ئێستەیە بۆ ئەوەی پەرلەمان ڕاسپێرن بەم کارە و بۆ نووسینەوەی دەستوور چی زووترە پەلە بکەن، ڕاوێژکار و یاساناسان بانگێشت بکەن تا هاوکارتان بێت و دوور لە فشاری بەغدا و دەوڵەتانی ناوچەکە، دەستوورێکی مۆدێرن بنووسرێتەوە. بەڕێزان لەدەستدانی وەها دەرفەتێك لەدەستدانی ئایندەی کوردە لە هەرێمی کوردستان. ئێمەی کوردی باشوور یەکەمین دەروازەین بۆ ئازادی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان . براندن لە میانی گفتوگۆکەیدا ئاگادارییەکی زۆر بەهێزی بەکورددا کە تێیدا فەلەستینییەکانی بەنموونە هێنایەوە، بە هۆکاری بە فیڕۆدانی کات دەوڵەتیان لەدەست دا.

هاوکات زەنگی ئەوەی بۆ کورد لێ دا ئەگەر ئێوە سەربەخۆخوازن، زەوی گەورە ئێستە زۆر گرنگی نەماوە و ئەوەی ئێستە هەتانە با لە دەستی نەدەن، بۆ ئەمەش سەنگافوورەی بەنموونە هێنایەوە، ئێستە لە دنیادا سەلمێنراوە نموونەی دەوڵەتی بچووك باشترە لە دەوڵەتی گەورە! بۆیە هانی دەداین زوو کار بۆ سەربەخۆییبوون بکەین تا لە ئایندەدا پەشیمان نەبینەوە، هەمان هەڵەی فەلەستینییەکان دووبارە نەکەینەوە، کات گرنگە و بەفیڕۆی نەدەین.

لێرەوە دەمانەوێ بەڕای گشتی بڵێین عەرەب یەك نەتەوە و 22 دەوڵەتن، با ئێمەی کوردیش یەك نەتەوە و پێنج دەوڵەت بین، با بۆ هەر دەوڵەتێکیش بێگومان ئاڵای جیا هەڵبژێرین، گرنگ ئازادبوون و سەربەخۆییبوونە. ڕێ دوور و کاروان بەردەوام . کوردستان ئاوەدان و مرۆڤایەتی ڕووناک.


# خەڵکی شار و ئەهلی ناوبازاڕ وکاسپ چۆن هاوکاری پیرەمێردیان دەکرد



بۆ مەراسیمی نەورۆز لەساڵانی ١٩٣٠ بۆ ١٩٤٩
پیرەمێرد کەلەئەستەمبوولْ دەگەڕێتەوە دوای تەواو کردنی خوێندنی کۆلیجی یاسا ، لەساڵی 1925
بێجگە لەکاری چاپخانە گرنگی بە زیندووکردنەوەی مەراسیمی نەورۆز دەدات وەك یادێکی نەتەوەیی کلتوری دەی گەشێنێتەوە
بێجگە لەم کارانەش بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەهلی کاسپ کار و ناوبازاڕ فێری خوێندەواری بکات کەلەمناڵیدا بێ بەش بوون لە خوێندن وەلەتەمەنێکی گەورە جارێکی تر شانسی خوێندەواری دەبەخشێت بە خەڵکی ناوبازاڕ وهەرلەچینی دوکاندار تا حەماڵ و کرێکارەکان
بڕیار دەدات قوتابخانەی (زانستی شەوان ) بکاتەوە خەڵکی شار دوای کاسپی کردن ئێواران بچن بخوێنن ..
لەوەسێت نامەکەی پیرەمێرد قەدری ئەو قوتابخانەیە وتراوە
کە دەڵێت
چاپخانەکە بپارێزن ( چاوێکم ژین چاوێکم زانستی)
کەمەبەستی چاپخانەی ژین و قوتانخانەی زانستی یە
ئەم قوتابخانەیەش دەبێتە هەوێنی پەیوەندی توندو تۆڵی پیرەمێرد و خەڵکی شار کەتەنانەت دەیان خزمایەتی و ژن. و ژن خوازی لێ کەوتەوە وەئەگەر سەیری بنەچەی دێرینی خەڵکی شار بکەیت زۆرینە خزمایەتی و خانە خوێ لەگەڵ یەکتر هەیە
یەکێك لەو هاوڕێ و سەربازە وون بوانە باس دەکەین کەخوێند کار و هاوڕێ پیرەمێر بووە ئەویش
حاجی ( حەبیب قادر ئەمین ) بەقاڵ
کەلەساڵی ١٩٣٠ لەشاری سلێمانی دوکانی بەقاڵی هەبووە بریکاری سێوی سور و زەردی لوبنانی بووە



ساڵی ١٩٠٠ لە سلێمانی لە دایک بووە.
لە تەمەنی گەنجێتی لەگەڵ حاجی محەممەدی مامی کە کارگەی خشتی هەبووە کاری کردووە.
ساڵی ١٩٣٠ دوکانی بەقاڵی لە گوزەری هەنگوین فرۆشانی ئێستا داناوە و تا سەرەتای حەفتاکان، بریکاری فرۆشتنی سێوی لوبنان بووە.
زۆر لە پیرەمێردی شاعیرەوە نزیک بووە، کاتێک پیرەمێرد، ئاگری نەورۆز لە مامەیارە دەکاتە نەریتی ساڵانە، حاجی حەبیب، هاوکارێکی دڵسۆزی بووە و ئەو سندوقانەی کە سێوەکەی فرۆشتووە، چەند ڕۆژێک پێش نەورۆز بە عەرەبانە بردووە بۆ کارێزی وەستا شەریف.
زۆربەی بۆنە و بەسەرهاتی دانانی شیعرەکانی پیرەمێردی دەزانی و شیعرەکانی پیرەمێردی لەبەر بووە.
ساڵی ١٩٧١ حەجی کردووە.
لە ٦ / ١٠ / ١٩٧٧ بە کارەساتی ئۆتۆمۆبیل لە شەقامی کاوە- بەردەم سینەما دڵشاد کۆچی دوایی کردووە
حاجی حەبیب پێش مردنی باسی ئەوەی کردووە .



دە ڕۆژ پێش نەورۆز پیرەمێرد دەهات بۆ ناوبازاڕ هەرچی تەختەیەك هەبووە دوکاندارەکان لەماوەی ساڵێکدا کەکۆیان کردەوە حەماڵەکان بەعەرەبانە لەناو بازاڕ دەیان گواستەوە بێ ئەوەی یەك کەس پارە وەرگرێت هەموو دەیان ووت بۆ ڕۆژی پیرۆزی کوردە هەریەکەو کارێکیان دەکرد لەڕۆژی نەورۆزیش هەموو عەرەبانەکان بەئەسپەوە ئامادە ، دەکرا خەڵکی بەخۆڕایی دەگواستەوە لەماڵی پێرەمێردیش چەندەها خزمی خۆی و خەڵکی شار دەچوون یاپراخیان دروست دەکرد بۆ هەموو خەڵکی شار هەریەکەو بابۆڵەیەك یاپراخی بەردەکەوت ، چای چیەکانی شاریش چاو قاوەیان بەخۆڕایی دەدا بەهەموو خەڵکی شار ، هەمووان لەکارێزی وەستا شەریف بەشادی و خۆشی ئەو ڕۆژەیان پیرۆز دەکرد وەك خێزانێك بێ ئەوەی قڕە و دەنگە دەنگ و گلەیی تێدا بێت هەریەکەو ئەرك و فەرمانێکی جێ بەجێ دەکرد
لەدوای مردنی پیرەمێرد لەساڵی ١٩٥٠ هەموو ساڵێك لەڕۆژی نەورۆز حاجی حەبیب لەسەربانی ماڵی خۆی بەرمیلێکی دائەنا و ئاگری نەورۆزی دەکردەوە دەیووت ئەمە ڕێبازی پیرەمێرد و خەڵکی شار بوو بەچاوێکی پڕ فرمێسکەوە سەیری کارێزی وەستا شەریفی دەکرد باسی ئەوڕۆژگارانەی پیرەمێردی دەکرد بۆ نەوەکانی لەکۆتایی دا دەیووت نەورۆز و پیرەمێرد نەمان

داڕشتن و نوسین: ئامانجی مامۆستا عمر
چاووگی زانیاری وێنە ; کاك سەرکەوت عەلی نەوەی حاجی حەبیب

# کەو قەومی خۆخۆرە

جاران پیاوە بەتەمەنەکان لەمیوانداری شەوانە یا جەژن وبۆنەکان کاتێ نەوەکانی لەدەوری کۆدەبونەوە یا زستانان لەپاڵ دیوارێک یا شوێنێک کەخۆیان دەدایە بەرهەتاو، کۆمەڵێ قسەوباس دەهاتە گۆڕێ، هەندێجار باسی ژیانی ڕۆژانە وهەندێ جار کەگەنجەکان کارێکی نەشیاو یا کردەوەیەکیان ئەنجام بدایە پەندێ یا چیرۆکێک وەبەر گوێیان دەدرا تا ببێتە وانەو ئەزمونێک لەژیانی ڕۆژانەیان وئەو هەڵەیە یا کردەوە ناشیرینە دوبارەنەکرێتەوە... ئێمەی کوردیش خاوەن گەنجینەیەکی بەنرخین لەپەند وبەسەرهات بەڵام داخەکەم نەسودمان لەپەندو کارەساتەکانی بەسەرمان هاتوە وەرنەگرتوە نە لەپەندی گەلانی دیکە ئەزمون و پەندمان وەرگرتوە...

دەگێڕنەوە کابرایەکی لادێی لەگەڵ دکتۆرێکی شاری هاورێیەتی پەیدا دەکەن،ڕۆژێک دکتۆرەکە کابرای لادێی میوانداری وداوەتی دەکات بۆ ماڵەکەی خوی لەشار،دوای گەیشتن وبەخێرهێنان سفرەو خوان ڕازایەوە کابرای لادێی شتێکی نامۆی هەست پێکرد، ئەویش بالندەیەکی پۆڕی لەباوەش گرتبوو تا خواردن وئاوی بەپۆڕەکە نەدا خۆی دەستی نەکرد بەنان خواردن ئەوەش بوە مایەی پرسیارو سەرسوڕمانی کابرای لادێی، دوای نانخواردن وەڵامی کابرای دایەوە... دکتۆرەکە پۆڕەکەی لە لەسەر گردێکی بەرز داناو دەستی کرد بەخوێندن و کۆمەڵێ پۆڕی تر لەدەوری کۆبونەوە، لەوکاتە دکتۆرەکە تابرەکەی هێناو تەقەی لە پۆڕەکان کرد کە کۆبونەوە لێی وژمارەیەکی زۆری لێ کوشتن گوتی:

بۆیە من پێش ئەوەی خۆم نان بخۆم دان وئاوی پێدەدەم...گوتی:

ئەوە هۆکاری گرنگی دانمە بەو باڵندەیە...

کابرا کەڵکەڵە کەوتە سەری ویستی بەهەر نرخێک بێت ئەو بالندەیەی لێبکڕێ.. لێرەدا کابرا بەدکتۆری هاورێی گوت:

دەمەوێ پێم بفرۆشی بەهەر نرخێک بێت کەداوای بکەی سەرەتا دکتۆرەکە ڕەزامەندی دەرنەبڕی بەڵام کابرا پارەیەکی خەیاڵی پێدا بۆیە ڕازی بوو، پێی فرۆشت کە کابرا باڵندەکەی وەرگرت بەهاوڕێ دکتۆرەکەی گوت دەمەوێ پۆڕەکە تاقی بکەمەوە

دکتۆر:ماڵی خۆتە چۆنت دەوێ وا.

کابراش هەمان کاری دکتۆرەکەی کرد وپۆڕەکەی لەسەر هەمان گرد دانایەوە وپێش ئەوەی دەست بکات بەخوێندن وکۆکردنەوەی پۆڕی تر،دەستی برد بۆ تابرەکەی وپۆڕەکەی کوشت...

دکتۆرەکە هاواری لێکرد ئەوە چیت کرد؟بۆچی ئەو باڵندەیەت کوشت... کابرای لادێی گوتی:

ئەم باڵندەیە پێویستە بمرێ چونکە دەرگای کوشتن بۆ هاوڕەگەزەکانی دەکاتەوەوکوشتنی ئەوانی تر دەپارێزێ کاکە دکتۆری شاری....

ڕۆژگاری ئەمڕۆمان چەند نمونەی لەوپۆڕەو دکتۆرە شاریە لەخۆدەگرێت کەدەستی بێگانەو کەواسوری بەرلەشکریانە بۆکوشتنی هاونیشتیمان وهاو زمان گرتنەبەری سیاسەتی برسی کردن وقەیران دروستکردن وبەخشینی سەروەت وسامانی سروشتی بە دوژمنەکانی خاک و وولاتەکەی...

عوسمان عومەر



# مێجەر سۆن-میرزا شیرازی

یەکێک بوو لە ئەفسەرەکانی بەریتانیا کە بە مەبەستی لەنزیک ناسینی کۆمەڵگەی کورد و مرۆڤی کورد لە مێژوییەکی زووەوە و بەر لەجەنگی جیهانی یەکەم، بەنهێنی لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا چێنرابوو، ئەو ئەفسەرە ماوەیەکی زۆر خۆی ناونابوو (میرزا شیرازی) و دواتر کوردییەکی رەوان و پەتی فێر ببوو بەجۆرێک پاش ئەوەی ئینگلیزەکان عێراقیان گرت لەساڵی 1918 یەکێک بووە لە نووسەرە سەرەکییەکانی رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی کە لەو ساڵەوە و بەمەبەستی بەدەست هێنانی پشتیوانی بۆ بەریتانیا لە شاری بەغدا بە زمانی کوردی دەرچووە.

مێجەر سۆن کاتێکیش بۆ سلێمانی گوازراوەتەوە لە ساڵی 1920یشدا لە سلێمانی رۆژنامەی پێشکەوتنی بەزمانی کوردی دەرکردووە، مێجەر سۆن ناودارترین ئەفسەری سوپای بەریتانیایە کە لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا و لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی شێخ مەحمودی حەفیددا رۆڵی هەبووە.

لە 24-02-1924 کۆچی دوای کرد.

کوردیپیدیا



# کاتژمێرو ئابڕوو







ئابڕوی خۆتم پێ بدە وکاتژمێرێکت پێ دەبەخشم کەکاتی داگیرکردنت پێشان بدات...

جارێکیان لە فلادیمێر پۆتینیان پرسی لەوەڵامی کە خۆرئاواییەکان بەدیکتاتۆرو هەرخەریکی خۆ پڕچەککردنە ناوی دەبەن...

لەوەڵام دا ئەم چیرۆکە فۆلکلۆریە کۆنەی ڕووسی گێڕایەوە:

خێزانێک هەبوون خاوەن کێڵگەوباخێکی گەورەبون مەرو ماڵات ومانگا وئەسپیان تێدا بەخێو دەکرد وبەروبومی هەمەجۆر وگەنم وخێروبێرێکی زۆری بەرهەم دەهێنا

وهەموو هەفتەیەک گەورەی خێزانەکە بەربومی ئەو ڕەزو باخەی کۆدەکردەوە ودەیبردە بازارو لەوسەرەوە پارەیەکی باشی دەهێنایەوە وتەنها گەنجێک وژن ومناڵ لەوێ دەمایەوە بۆ پاسەوانی وگەنجەکەش شارەزای بەکارهێنانی چەک بوو...

ڕۆژێک لەکاتی پاسەوانی بەناو سنوری کێڵگەو باخەکە دەگەڕا چەکەکەی بەشانەوە بوو، چەند پیاوێکی دەنگ دا وڕایگرتن لەدووری خۆی وبەقسەی خۆش وشیرین کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵی وپێیان ڕاگەیاند کە ئێمە هیچ مەبەستێکمان نییە تەنها بۆکارێکی خێر هاتوین بەڵام لەڕاستی دا ئەوانە تاقمێ دزو جەردە وشارەزاییان لە دزی وتالان وهەڵکوتانە سەربوون.

کاتژمێرێکی زۆر جوان وبەنرخیان پێشان دا وبەشان وباڵی ئەو کاتژمێریان هەڵدەدا.پاسەوانە گەنجەکە حەزی چوە کاتژمێرەکە پێی گوتن حەزدەکەم شتێکی وام هەبێ، کاتێ جەردەو دزەکان دڵنیا بون کە دڵی پێوەیەتی ئارەزوو دەکات خاوەنی بێ کەوتە پرسیار ئەوە نرخی چەندە؟ جەردەکان پێیان ڕاگەیاند کەنایفرۆشن پێشنیاریان بۆکرد ئاڵوگۆڕی پێبکەن لەگەڵ چەکەکە...تەنانەت هێندەی نەمابوو ڕەزامەندی نیشان بدات،دوای بیرکردنەوەیەکی باش پەشیمان بۆوە پێی ڕاگەیاندن ڕۆژێکی تر وەرنەوە..دزو جەردەکان کەزانییان نەیانتوانی بەفێڵ وتەڵەکە کڵاوبکەنە سەر ئەوگەنجە ڕۆیشتن...

کە ئێوارە باوکی وبراکانی گەڕانەوە چیرۆکەکەی بۆ گێڕانەوە وباسی بەنرخی وجوانی کاتژمێرەکەی بۆ باوک وبراکانی دەکرد،باوکی وتی:

زۆر باشە چەکەکەیان پێ بدەو کاتژمێرەکە وەرگرە... بەڵام کاتێ پەلامار دەدرێی و هێرش دەکەنە سەرت ومەرو ماڵات وگاوگۆتاڵ بەروبومی ڕەزوباخەکە تاڵان دەکەن ولاقەی دایکت وخوشکت وبراکانت دەکەن ودەکوژن تۆش لەوکاتە هەر سەیری کاتژمێرە جوانەکە بکەو بڵێ ئای کاتژمێرەکە چەندە بەنرخ وجوانە کاتژمێر ئەوەندەیە

کوڕە گەنجەکە لەمەبەست گەیشت وچەکەکەی لا خۆشەویست تر بوو وزانی گەمژەیی وهەست وسۆز جولاندن واتە مردن ولەناوچون بەدەستی دوژمنان...

ئێستا لەخۆرئاوا باس لە دیموکراتیەت ومافی مرۆڤ و ئازادی وەک ئەو کاتژمیرە گرانبەهایە وایە کە خائینان دەیانەوێ لەدەستی بکەین تا ئەوەی گەلان بەدەستیانەوەیە لەچەکی بەرگری ونیشتیمان پەروەری ویەک ڕیزی کەنایانەوێ خاکی نیشتیمان گەلەکەیان بفرۆشن مەبەستیانە...

هەندێکی دیکەی گێل وگەمژە بەقسەو دروشمی باق وبریق ودرۆیان هەڵدەخەڵەتێن وباوەڕیان پێدەکەن...

هەرگیز خاکی ووڵات مەفرۆشن تا کاتژمێرێکی جوانتان هەبێ تا کاتەکانی داگیرکردن ولاقەکردنی کەس وکارتان وبەتاڵان بردنی سەروەت سامانی ووڵاتەکەتانی پێ بزانن...

سیخوڕی بۆ دوژمنانی گەل ونیشتیمان ودڵسۆزانیان مەکەن وباوەر بەقسەی دزو تاڵانچی کەبەقسەی خۆش وهەنگوینی بۆتان دەکەن باوەڕ مەکەن،مەبنە کەواسوری بەرلەشکری دوژمن ... زۆر بەداخەوە ئێمەی کورد لەدێر زەمانەوە بەفریو وقسەی دوژمنانمان هەڵخەڵەتاوین تارۆژگاری ئەمڕۆش هەر بەردەوامین....


**عوسمان عومەر**

# خالید ستار

## کاریکاتێرستێکی نەتەوەیی و شێوەکارێکی بەئەزموون

بەختیار سەعید





زۆر گرنگە هونەرمەندێك بتوانێك لەیەککاتدا شێوەکارێکی سەرکەوتوو بێت و لەهەمانکاتیشدا کاریکاتێرستێکی پڕ چالاکی و پڕ بەرهەم بێت و توانیبێتی لە نیگارکێشاندا تایبەتمەندیەکی لە هێڵ و رەنگ و بابەتدا هەبێت کە هۆکار بوون بۆ بوونی ستایلێك لەلای ئەم شێوەکارە، بەهەمان شێوەش لەبواری کاریکاتێریشدا هەمان تایبەتمەندێتی لە بەرهەمەکانیدا هەیەو بەردەوام کێشە نەتەوەییەکان بەشێکی گرنگ و بەرچاوی ناو کارەکانێتی.

ئەگەر بڕوانینە کارەکان کەمترین رەنگی لەخۆ گرتووە بە پێچەوانەی هاوڕێ کاریکاتێرستەکانی و بەپێچەوانەی ئەوانەی کە بڕوایان وایە ئەگەری ئەوە هەیە کە رەنگەکان هۆکارێکی گرنگ و بەرچاوی گەیاندنی مەبەستەکانە، خالید ستار بە کەمترین رەنگ جوانترین و فراوانترین پەیامی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژنگەیی و زۆر بواری تری لە خۆگرتووە، لەهەمانکاتدا ئەم کاریکاتێرستە دەستڕەنگینە لە زۆربەی پێشانگەو دیدارە کارتۆنەکانی ناو باشوری کوردستانەو دەرەوە بەشداری بەرچاوی هەبووە، بەتایبەت ئەو دیدارو پێشانگە جیاوازانەی کە ناوەندی 7 رەنگە وەکو ناوەندێکی هونەری لەناو باشوری کوردستاندا گرنگی بە بواری هونەری کاریکاتێر داوە کارەکانی بوونیان هەبووەو بەردەوامیش جێی سەرنج و بایەخی بینەرانی ئەو چالاکیانە بووە.

خالید ستار بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمە کاریکاتێرەکانی بەرگریکارێکی تەواوی نیشتمانی لەخۆگرتووەو لەهەموو قەیرانە سیاسی و ئینسانییەکانی میللەتی کورد ئەو بە کاریکاتێرەکانی بەرگری کردووەو رووە ناشرین و قێزەوە بووەکانی داگیر کەرانی خستۆتە روو بەتایبەت لەو چەند ساڵیرابردوویەکێك بووە لەو کاریکاتێرستانەی کە سەرجەم کارەکانی تەرخان کردبوو بۆ بەرگریکردنی لە رۆژئاوای کوردستان و ئەو قارەمانێتییەی کە ژنانی کورد لەسەر ئاستی جیهانییشانیاندا بەتایبەت لە کۆبانی و عەفرین و خستنە رووی داگیرکەران و ئەوانەی کە هاوکارن بۆ لەناو بردنی میللەتی کورد

خالید ستار بەو ئیمانەوە کارە هونەرییەکانی بەشێوەیەکی گشتی ئەنجامداوە کە چۆن پێشمەرگەیەك لە بەرەکانی جەنگ بەرگری لەخاك و نیشتمان دەکەن، ئەمیش هەر بەو هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە کارە هونەرییەکانی ئەنجامداوەو بۆخۆی توانیوێتی مێژوویەکی جوان و پڕ شانازی تۆمار بکات هەر ئەوەش بۆتە هۆکار ئەگەر سەیرێکی سەرجەم بەرهەمەکانی بکەین ئەوە هەست بە بوونی بەرهەمێکی رۆژهەڵاتی دەکەیت و سەرجەم کارەکانی بەدەر بووە لە بەکارهێنانی کوپیتەری هەر وەکو ئەوەی زۆرێك لە هونەرمەندەکان کارەکانیان لەرێگای کومپیتەرەوە ئەنجام دەدەن،بەڵام ئەم لەرێگای زیندووە هێڵەکان دەکێشێت و دواتر رەنگیان دەکات کە ئەم جۆرە گارکردنە

تا ئێستا لەلای زۆرێك لە کاریکاتێرستەکان بەشیاوتر دەزانن کە لەوەی سەرجەم بەرهەمەکە لەرێگای کۆمپیتەرەوە ئەنجام بدرێت، لەهەمانکاتدایەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی کارەکانی ئەم هونەرمەندە لەنێو کاریکاتێرەکانیدا کەمترین نووسینی لەسەر ئەوەش بۆ ئەو سەرکەوتنە دەگەڕێتەوە کە هونەرمەند تواناى گەیاندنی پەیامەکانی هەیە بەبێ نووسین کە ئەوەشیەکێکی ترە لە مەرجەکانی کاریکاتێرو کاریکاتێرستی سەرکەوتوو.

دوایەمین بەشداری خالید ستار لە کوردستان لەبواری کاریکاتێردا ئەو بەشدارییەی بوو کە لەدووەمین دیداری نێودەوڵەتی کارتۆنی کوردی بوو کە لە ساڵی 2021 لەشاری سلێمانی تایبەت بە ئاشتی بوو کە کارەکەییەکێك بوو لە کارە سەرکەوتووەکانی ناو دیدارەکەویەکێك بوو لەو کارانەی کە جێی سەرنجی ئامادەبوان بوو

### بایۆگرافی

خالید ستار

- ١٩٥٤لە کەرکوك لەدایکبووە.

- خاوەنی ٨ پێشەنگەی تایبەتە لەناو کوردستان و دەرەوە لەوانە لەشارەکانی سلێمانی و کەرکوك.

- بەشداری زیاتر لە ٨٠ پیشەنگەی هاوبەشی کردووە.

- لە ساڵی ١٩٨٣ وە ئەندامییەکێتی هونەرمەندانی کوردستانە.

- ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە.

- ئەندامی کۆمەڵەی هونەرمەندانی سویدە لە خواروی سوید.


- لەساڵی ١٩٨٤ وە لە وڵاتی سوید دەژی.


- لە سوید پەیمانگەیەکی هونەری سیرامیکی تەواو کردووە




ژنەکە..جایەکم بۆ بینە
Khaled




خالید ستار





انتخب اردوغان
اوردغان الاب الرحي للارهاب




2015
2016
دارایی هەرێم
خالید ستار


لا إله إلا الله
Khaled Satar


لیلی قاسم
مادەی
140








دەوڵەتی کوردی
خالید ستار


Khaled

# وێنەیەک لە مێژوو
## بورهان موستەفا کونجرینی

بەگوتەی پیاوانی ئاینی و دەسەڵاتداران و سەرۆکە تورکە ڕەگەزپەرستەکانی تورکیا کەدەڵێن:
لەوڵاتی تورکیادا تورک و کورد پێکەوە دەژین هیچ کێشەیەک لەنێوانیاندا نییە تورک و کورد ئامۆزای یەکترین پێکەوە تورکیا بەڕیوەدەبەن؟؟؟؟؟
ڕاستە ئێمەی کورد و تورک لەتورکیادا بەپێی ئاینی ئیسلام هەردوبراین بەڵام ئێمە دو نەتەوەی جیاوازین لە کلتور و زماندا جگە لەوە لە ئەرک و بیر و بۆچون و باوەڕ و فەرماندا زۆر جیاوازین هەمیشە دژی یەکترین .

پێشەکی دەمەوێت پێش بابەتەکە چیرۆکێکی کورت لەبارەی یەکێک لە بەسەرهاتە دڵ تەزێنەکانی تورکە ڕەگەز پەرستەکان بەرامبەر خێزانێکی کوردی شاری دەرسیم ی باکوری کوردستان پیشانی ئازیزانم بدەم!!!!!!

(سەربازێکی تورک، لە یاداشتەکانی خۆیدا کە لە سەر ژینۆسایدی کوردانی دەرسیم ساڵی ١٩٣٧ بەدەیان کوردی ناوچەکەی کوشتووە، ئەم ڕووداوەی لە یاداشتەکانی خۆیدا نووسیوەتەوە، کە کاتێک دەچێتە سەر ماڵی خێزانێکی کورد، ژن و مێردەکە و چەند کەسێکی ناو خێزانەکە دەکوژێت، دوایی تەماشا دەکات منداڵێک لە ناو بێشکەدا لە ژوورێکی دیکە، نوزەی لێوە دێت، دەچێتە سەری و قەمەی تفەنگەکەی دەخاتە ناو دەمی، ئەویش وەکوو مەمکەمژە، دەست دەکات بە مژینی، سەربازە تورکە، دەڵێت ئیتر خۆم نەگرت قەمەکەم لە دەمی گیر کرد و سەری نوکی قەمەکە لە پشتیی سەریەوە دەرچوو، منداڵەکە قرخە و نوزەیەکی لێوەهات گیانی دەرچوو. لێی دەپرسن: ئەی بۆ منداڵەکەت کوشت؟ لە وەڵامدا دەڵێت: بیرم لەوە کردەوە، ئەگەر ئەم منداڵە کوردە گەورە ببێت، ڕەنگە بە دواى بکوژی کەسوکاریدا بگەڕێت و تۆڵە بکاتەوە)

ژیانی کورد و قەسابخانەی هاوچەرخی تورک...

١-قەساب خانەی (موتەکی)ساڵی ١٩٢٢ ڕویدا ،کاتێک تورەکەکان زیاتر لە ١٠٠٠ کوردیان کردە بەقوربانی،تەنها لەبەر کوردبونیان.

٢-قەسابخانەی (ئامەد)لەسەردەمی شێخ سەعیدی پیراندا لەنێوان ساڵانی ١٩٢٣-١٩٢٥ ژمارەی قوربانییە شەهیدەکان کورد بەدەستی تورکە ڕەگەزپەرستەکان نزیکەی ٣٠-٤٠ هەزار کوردیان بەبۆردومان کردە قوربانی.بەبەشداری فڕۆکەوانە ئینگلیزە چاوشینەکان.

٣-قەسابخانەی (دۆڵی زیلان) مانگی چواری ساڵی ١٩٣٠ زیتر لە ٤٠هەزار لە مناڵی ساوا و گەنج و پیری ئەوناوچەیە لەگەڵ زوربەی ئەندامەکانی خێڵی زیلان شەهید کران.

٤-قەسابخانەی (ئاگری) کوشتن و وێران کردن و بنبرکردنی خێڵی (جەلالی)یەکان هەروەها لەگەڵ ئەوخێڵانەی تر کەبەشدارییان لە شۆڕشی ساڵی ١٩٣٠ داکردبو، هەموویان بەدەستی خزمە تورکەکانمان بەپشتیوانی فڕۆکەوانە خێرخوازەکانی ڕوسیای ئەوسەردەمە ئەنجام دراوە .

٥- قەسابخانەی (شەمزینان)ساڵی ١٩٣٣ زیاتر لە سێ هەزار کوردی دراوسێ ئازیزەکانی تورک بونە قوربانی بۆ ئاتاتورک.

٦-دەرکردن و ئاوارەکردنی زیاتر لە پێنج ملیۆن کورد بۆ ناوچەکانی ناوەڕاستی ئاناداۆڵ لەساڵی ١٩٢٠-١٩٤٠.

٧-قەسابخانەی (ساسۆن) کوشتنی هەزاران کورد و وێران کردنی سەدان گوندی ناوچەکە کۆچکردنیان بۆ ناوەڕاستی ئاناداۆڵ.












٨-قەسابخانەی (دەرسیم) زیاتر لە ٥٠هەزار کوردیان گولەباران کرد و لەسەر چیاکانی ناوچەی دەرسیمەوە بەرەو دۆڵ و نشێوەکانی چیاکانی ئەوناوچەیە هەڵیان دێرانە خوارەوە.

٩-قەسابخانەی (قەرەقولی)کوشتن و گولەبارانکردنی زیاتر لە ٣٣ گوندی ناوچەی زاگرۆس لە قەرەقولی .بەوبۆنەیەوە سترانبێژی باکوری کوردستان (جوان حاجۆ) چیرۆکی ئەو خەم و ئازارەی ئەوان بەگۆرانی دەردەبڕێت.
١٠-وێرانکردنی پتر لە پێنج هەزار گوندو ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی بۆ ناوەڕاستی ئانادۆڵ لەساڵی ١٩٨٤-٢٠٠٠.

١١-برا تورکە کانمان زیاتر لە ٣٠ جار هێرشیان کردۆتە سەر ئامۆزا کوردەکانیان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان.لەساڵی ١٩٨٣ تاوەکو ئێستا ،ئەمەش بۆتە بۆردومان کردن و وێرانکردنی دەیان شار و گوند و کۆچکردنی دانیشتوانەکەی.

١٢-کوشتن و سەرگەردانکردنی زیاتر لە ٢٠ هەزار کورد کەزوربەیان سقیل و بێ تاوان بون بەتایبەتی لەچینی ڕۆشبیر و چالاکەوانەکوردەکان ،لەساڵی ١٩٨٨-٢٠٠٠ .ئەم تاوانانە ئەنجام دەدرێت بەناوی (بکەری نادیار) کە لەلایەن چەند ڕێکخراوێکی تورکی ڕەگەزبەرستەوە ئەنجام دەدرێن بۆنمونە(ڕێکخراوی گورگە بۆرەکان)یان (کۆمەڵەی تۆڵەسەندنی تورکی) هەروەها (جیتام)لەگەڵ (کۆمەڵەی دژایەتی گریلاکانی کوردستان کەتایبەتە بە سەرۆکایەتی حیلفی ناتۆوە بەناوی (گلادیۆ).

١٣-لەساڵی ١٩٢٠ هەتا ١٩٤١ زیاتر لە ٣٠ شۆڕش و ڕاپەڕین و ڕابونی کوردان دژی دەسەڵاتی داگیرکەری تورکی تاوانبار ئەنجادراوە ،ئەنجامەکەشی سەرگەردان کردن و کۆتایی هاتن بە ژیانی پتر لەیەک ملیۆن کورد کۆچکردن و جێهێشتنی خاکەکەیان....

ئەمانەو جگەلە سەدان تاوان وکوشتن و ماڵوێرانی تری کورد کە بەردەوامی هەیە لێرەدا هەمووی باس ناکرێن.

# بۆچلەی براو هاوڕێمان بورهان عەبدولڕەحمان

شەهید بورهان عەبدولرەحمان فەرەج، لەساڵی 1962 لەگەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەسلێمانی تەواو کردووە، بۆ تەواوکردنی خوێندن چۆتە شاری بەغدا و ساڵی 1982-1983 پەیمانگای تەکنەلۆژیای بەغدای تەواوکردووە، ئەم لاوە خوێن گەرمە، ئەگەرچی بەجەستە دوربوو لەخاك و وڵات و نیشتمانەکەی، بەڵام هەمیشە، لەگەڵ خەم و ئازارو مەینەتییەکانی گەلەکەیدا ژیاوە، بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو زوڵم و ستەمەشی لەگەلەکەی دەکرا، بڕیاریدا تێکەڵاوی خەباتی ڕەوای گەلی کورد ببێت و لەریزی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا خۆی ڕێك بخات و بەدەستێك خەبات بۆ وڵاتەکەی بکات و بەدەستەکەی تریشی هەوڵی تەواوکردنی خوێندنەکەی بدات، هێشتا خوێندکاری پەیمانگابوو لەشاری بەغدا، کەپەیوەندی دەکات بەرێکخستنەکانی یەکێتی لەشاری بەغداو لەرێکخراوی جوامێردا بووە ئەندام، بەڵام لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئەو شارەوە دەستگیرکراو دوای دوو هەفتە لەزیندانیکردنی لەئەمنی عامەی بەغدا، بەلێبوردنی گشتی لەساڵی 1982دا ئازادکرا، دوای تەواوکردنی پەیمانگاو گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لە رۆژی 28ی 10ی ساڵی 1983 لەتیپی 37ی شاربازێر بوو بەپێشمەرگە، شەهید بورهانە ریشە، لەنێو هاورێ و هەڤاڵە پێشمەرگەکانیدا، هەم خۆشەویست بوو، هەمیش بەئازایەتی ناسرابوو، شەهید بورهان لەساڵی 1985 دوای بەشداریکردنی لەخولێکدا، بوو بەعەدەد جیهاز، لەتیپی 37ی شاربازێر، دواتر لەساڵی 1986 گواستراوەتەوە بۆ مەڵبەندی دووی ئەو کاتەی لەسنوری سەرگەڵوو، تا ساڵی 1989 لەوێ ماوەتەوەو دڵسۆزانە کارەکەی جێبەجێکردووە.


یەکێك بووە لەپێشمەرگە بەشدارەکانی راپەرینی ساڵی 1991 و هەموو نەبەردییەکانی پارێزگاریکردن لەحکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستکەوتەکانی راپەڕین و رووبەڕووبوونەوەو لەناوبردنی دوژمنان، دواتر چۆتە هێزی تایبەتی سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال و لەهێزی تایبەت و لەفەوجی کوبراو لەفەوجی 4ی لیوای یەکی سکرتاریەت، بەرپرسیارێتی و ئەرکی جۆراو جۆری پێ سپێردراوەو هەمووشیانی بەسەرکەوتویی بەرێوەبردووە، بەشداری لەخولی شەشی کۆلێژی سەربازی قەڵاچوالان کردووە، دوا پلەشی موقەدەم بووە و جێگری فەوجی چواری سکرتاریەت بووە.

دوای ململانێیەکی سەخت و دوورودرێژ لەگەڵ نەخۆشیدا، بەرەبەیانی رۆژی 12ی کانونی دووەمی ساڵی 2022، لەشاری سلێمانی گیانی سپاردو بۆ یەکجاری، ماڵئاوایی لەخاك و وڵات و نیشتمانەکەی کرد، کە هەر لەسەرەتای گەنجێتییەوە، تا ئەو ساتەی گیانی سپارد، لەپێناویدا خەباتی کردو ماندوێتی زۆری بینی.

بروووسکەی چیا!
ئێستاش قاقاکانی ئێوە،
لە گوێما ئەزرنگێتەوە
تۆ و تەهای مالیە و جوامێر
ڕۆژانە لە کوڕەداوێ،
هێندەی نێوانی برۆ و چاو
لە مەرگ دوور بووین،
کەچی هەموو ئێوارەیەک
دوای خوانە پێشمەرگانەکەی
نۆکاو یاخود برنجی سوور،
تەشتێکی فافۆنی قوپاو،
تەزبیحێکی قەزوان لەسەر،
ئەبووە ئۆرکێسترای ژووان و
ئیتر دەنگی عوسەی ڕابە و
شێخ جەمال و
گۆرانی و چەپڵە و جارجاریش
ئاوازی سەیر و سەمەرەی
بەهەکوێر و دکتۆر عوسمان
کۆڕێکیان ئەهێنایە جۆش،
بەزێنەری سەدای تۆپ و
هاوەنی سێژەمەی دووژمن
هاوڕێم بورهان،
ئێمە لەوێ کێمان هەبوو،
خۆمان کەس و خۆمان خزم و
خۆشمان
هەتوانی برینی یەکتریی بووین
ئەو هەموو نهێنییەی شۆڕش،
هەر هەناوی گەرمی ئێمە
بەرگەی شاردنەوەی ئەگرت و
بێسیمەکە لە خۆمان خۆشەویستتر بوو.
ئەو دەمانەی ئاشنای یەک بووین،
دارگوێز ئەسووتا بەپێوە
خۆر لە ترسی بۆردومان و فڕۆکەی خوێن،
لار لار ئەکەوتە نسێ وە
ئاسمان ئەبوو بە پارچەیەک تووڕەیی دێز
بەرد لە ترسا باوەشی ئەکرد بە خۆڵا
دار شاخی ئەگرتە ئامێز
ئەو دەمانەی پێشمەرگە بووین،
لەگەڵ چیا بە پێوە بووین
لە ناو گەردەلول و بەفرا
خۆمان زریان،
خۆمان زوقم و کرێوە بووین
تیپێک پێشمەرگەی سەنگەر بوون
ئێمە هاوار و دەنگیان بووین
تیپێکی تر هەڵمەت بەر بوون
ئێمە رووخسار و ڕەنگیان بووین
ئەوان هەڵۆی سەرچیا بوون،
ئێمە باڵندەی خاکیی بووین
ئەوان تەقە و گوللە پرژێن،
ئێمە نرکەی چالاکیی بووین
ئاواتەکانمان گەورە بوون
وەک گەورەیی شەهیدانمان
خەونەکانمان بۆ ئازادیی بەنرخ
بوون،
بەهادارتر لە ژیانمان
دەی وا ئێستاش بورهانی هاوڕێی
تەمەنمان
ژیان ورد ورد تێئەپەڕێت،
ئێمەش لەگەڵ خۆی کێش ئەکات
ئەو ڕۆڵانەی نیشتمانین،
کە لە هەر ئازارێکیدا،
ناو دڵی ئێمەش ئێش ئەکات
پێشمەرگە بووین، لاویی خۆمان،
بە بێمنەت بەخشییە خاک
بۆ ئازادیی و سەربەخۆیی و
دەسەڵاتێکی کوردیی پاک
حەیفێ، خەون و هیواکانمان،
وەکو ویستمان نەهاتنە بەر
لەو شاخە زۆرێک جێیانهێشت،
گەورەیی خەبات و سەنگەر
ئێستاش بێدەنگ تەماشاچین،
بێ پۆست و بێ پایە و سایە،
کەچی دەوڵەمەندترینین،
ڕێزمان لەدڵی خەڵکدایە
نیشتمان هەر قەرزاری تۆین،
نەک تەنیا تەمەن و گیانێ
چەندی توانیمان بەخشیمان،
ئیدی بێدەنگ چاو لێک ئەنێین
هێندە بێدەنگ،
هەتا مەرگیش پێی نەزانێ!
(باست حەمەغەریب)







# ئەفسانەی ... ئەشکەوتی داری خلە...(1)

دوای ئەنفالی یەک و دوو وسێ ی (دۆڵی جافایەتی مەرگە وشارباژێرو قەرەداغ و گەرمیان) ، چەند پێشمەرگەوکادرو فەرماندەیەکی خاوەن ئەزمونی مەڵبەندی یەک لە پێشمەگەی تیپپەکانی گەرمیان وقەرەداغ، دوای شەڕ و بەرگرییەکی بێ وێنە رووبەروو ی سوپای ئەنفال بوونەوە ، لە هەر سێ قۆناغەکەی ئەنفال ،ئەو پارتیزانانانە لە هەڵوێستێکی بەهای مێژوو ی دا بڕیا ریان دا ، وەک چەند مەفرەزەیەکی پارتیزانی لە گەرمیان و قەرەداغ بمێننەوە ، نیشتمان چۆڵی نەکەن ، درێژە بە جەنگی پارتیزانی بدەن ، ئەو بڕیارە لەو سەردەمە دژوارو ئاڵۆزەی ئەنفال و دوای ئەنفال، لەخاکێکی خاپورکراو سوتماک وچۆڵەوانی ، ئەزمونێکی دەگمەنی بێ وێنە بوو، لە مێژووی نوێ ی جەنگی پارتیزانی جیهان .

ئەو پارتیزانانە لەوسەردەمەدا بڕیار ی مەرگی شکۆمەندیان دا ، لە سەرەتا دا هیچ حەشارگەیەکی خۆ حەشاردانیان دیاری نەکرد بوو بریتی بوون لە:
+ حەمەرەش و مەفرەزەکەی لە سنووری ناوچەی سەنگاو چیای ئاشداغ.
+سەید جەوهەرو نازم کەرکوکی و مەفرەزەکەیان لە سنووری زەنگەنەو ئەو بەری قادر کەرەم لە هەردەی زەنگنە .
+عوسمانی حاجی مەحمود و مەفرەزەکەی لە سنووری ناوچەی کفری لە چەم قایش و ئاوە سپی لای سەرقەڵا.
+مەلا ئەحمەدی گەرمیان و سەید محەمەدو مەفرەزەکەیان لە ناوچەی رۆغزایی مانەوە ، دواتر روویان کردە ( تووركە ...زاوت ....داری خلە )
+عەدنانی حەمەی میانا و مام ساڵح گۆڕئەسپ و مەفرەزەکەی لە دەوروبەری زاوت
.
+.حەمە پاریاوڵە سنووری (مراوە ) و( پاریا وڵە) ...
+مەحمودی مامە عەزە لە ئاوەسپی سنووری قەرەداغ ..
+چەند پارتیزانێکی حیزبی شیوعی

رۆژانە بە پێی کاتی دیاری کراو و گۆڕانکاری بارودۆخەکان، پارتیزانەکان بە جیهازپەیوەندیان بە یەکترییەوە دەکرد ، لە مانگی حوزەیرانی 1988 تەواوی پارتیزانەکانی گەرمیان لە قەڵبەزی (چەمی بۆر محەمەد )-ی نزیک (قولیجانی سەرحەد )کۆبونەوەیان کرد ، چەند رۆژێک پێش ئەوە رێکخراوی سلێمانی پەیوەندیان بە حەمە ڕەش-ەوە کرد.

بەرنامەو نەخشەی مانەوەیان لە گەرمیان وقەرەداغ دیاری کرد ، پەیوەندی یان لە تەک ڕێکخراوی سلێمانی و ناوچەکانی تردا هەبوو ، پارتیزانەکان بڕیاری یەکجاریان دا ، گەر دەنگیشیان نەگات بە سەرکردایەتی ، ئەوان بە ئیرادەی پۆڵاینیانەوە ، گەرمیان و قەرەداغ چۆڵ نەکەن ، لە چەند بنکەیەک حەشارگەو شوێنی مانەوەیان دیاری کرد .
هەموو توانایان خستە گەر بۆ کۆکردنەوەی ئەو ئازوقانەی کە لەدەرەوەی گوندە خاپورەکانی گەرمیان مابوونەوە.

ئەفسانەی داری خلە

ئەشکەوتی داری خلە ،بوو بە ئەفسانەی تراژیدیای 7پاریتزانی گەرمیان ، لە وگردۆڵکەو نشێو و دەشتانەی گەرمیان ، لەو پەڕی بێ دەنگی و بی دادی و دڵ رەقی و بێ ویژدانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و یاساکان .
دەوڵەتی عێراق لە پێش ئەنفال و لە 8 زنجیرەی ئەنفال و لە دوای ئەنفال،بە پێی بەرنامەو نەخشەیەکی درێژخایەن ، کورد یان کۆمەڵ کوژ کرد، پێشمەرگەوپارتیزانی کورد ، لە خالێکی سوتماکی چۆڵ دا ، ئەزمونێکی نوێ یان لە مێژووی جەنگی پارتیزانی دا تۆمار کرد، ئەو ئەفسانەیە نەک لە کوردستان وعێراق و رۆژهەڵات ،بەڵکو بەراورد بە مێژووی جەنگی پارتیزانی دنیا، تایبەتمەندی تراژیدیای خۆی هە یە .
بەهای شکۆی ئەم داستانە لەوەدا دەبینرێ ، سەدام ، عەلی حسەن مەجید ، بەعس ، لە ئەنفالی سێ دا ، سەراپا گوندەکانی گەرمیانیان خاپوور کرد ،ژن و پیاو و منداڵ و پیریان دەسگیر و کۆمەڵکوژ و بێ سەوشوین کرد ، بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژە ڵداریان تاڵان کرد،چەند دەستەومەفرەزەی پارتیزان ، لەو پێ دەشت و نشێوو گردۆڵکانەی گەرمیان مانەوەوچۆڵیان نەکرد .
داستانی پارتیزانەکانی ئەشکەوتی داری خلە ی گەرمیان پڕە لە تەحەدای لۆژیکانەی بەرگری بۆ رووبەروونەوەی زنجیرە کێومالّەکانی سوپای عێراق وئیستیخباراتی عەسکەری وکۆپتەرو جاش وجاسوس .



ئەوەی مایەی تێڕامانە ، هیچ کام لەوپلان و نەخشانەی ئەنفال و جینۆساید وزنجیرە کێوماڵانە ی ، ئیستخباراتی عەسکەری فەیلەقی یەک وپێنجی سوپای عێراق و هێڵی ئاسمانی ، نەیانتوانی پەی بەو( 9) پارتیزانەی ئەشکەوتی داری خلەی گەرمیان ببەن .

ئە و( 9) پارتیزانە ،ئەو ئەشکەوتەیان کردبوویان بە حەشارگە یان ، ئەوانی لە مەرگ و ئەنفال دەپاراست ، ئێوارەیەک ، دوو پارتیزانیان بە رێکەوت بۆ سەرە مەوعیدی جیهاز لە گەڵ بنکەی پارتیزانەکانی تردا ، لەناو ئەشکەوتەکە دێنە دەرەوە ، لەو چرکانەدا ، لە ناکاو بەردەمی ئەشکەوتەکە هەرەسی دێنێ و دوا هەناسە لەو هەر 7 پارتیزانەی ناو ئەشکەوتە دێنێ .
حەمەرەش و مەلا ئەحمەدی گەرمیان وسەید محەمەدی گەرمیان وعوسمانی حاجی مەحمود وعەدنانی حەمەی مینا ، لە گوندی (واران ) نوێنەری رێکخراوی سلێمانی یان بینی ، بریتی بوون لە :خەلیفە محەمەد و مام تاهیری خاڵی مەلا ئەحمەدی گەرمیان وقادرەسوور، لە دانیشتنێکی نهێنی چۆنی یەتی کاتی دیاری کرا و شوێنی یەکتر بینی یان دەست نیشان کرد.

هەواڵی مانەوەی چەند مەفرزەیەک پارتیزان لەقوڵایی گەرمیان و قەرەداغ گەیشت بە ئیستیخباراتی فەیلەقی یەک

سوپای عێراق بە هاوکاری جاش بە هێزێکی پیادە ی گەورەوە، کێوماڵی بست بە بستی هەموو دەشتایی و گردۆڵکە و نشێوو و شوێنە چەپەکەکانی گەرمیان و قەرەداغ -یان کرد ، بەتایبەتی هەردەی ناوچەی زەنگەنە.

یەکەم کێوماڵی چڕو بەربڵا وی سوپای عێراق لە 22 / 9 /1988 بوو، سەراپا گەرمیانی گرتەوە ، پێش کێوماڵەکە حەمەرەش لە رێکخراوی سلێمانی یەوە هەواڵ و زانیاری ئەو کێوماڵەی پێ گەیشت بوو، هەواڵەکە و زانیارییەکانی لە سەرە موعید-ی جیهاز ، گەیاند بە هەموو مەفرەزە پارتیزانەکان .
ئەو رۆژە ئەم پارتیزانانە :

عەدنانی حەمەی مینا ...مەحمودی مامە عەزە ...بورهانی حەمەی مینا......سدیق عەلی تۆفیق ....حاجی عوسمان...مەلا کەریم .....هەیاس حەسەن فەتاح....مام ساڵحی گەرمیان و...چەند پارتیزانێکی تر لە سەر کانیەکە لە ژێر دار هەنجیرەکەی (عەلی کوتەک ) دانیشت بوون ،کە شوێنێکی بەرز بوو، دەیڕو انی بە

سەرناوچەی کەلاردا

لە سەعات11-ی 1988/9/22 سامی سەمین سەعید حەرەس بوو، بە دووربینەکەی سەیری دەوروبەری خۆی کرد ، لە دوورەوە تەپو تۆزێکی چڕ و گەورەی بینی لە سەر زەویەکەوە بەرەوقوڵایی ئاسمان دەکشا..

لە سەرەتادا نەیتوانی هاوڕێ پارتیزانەکانی ئاگادار بکاتەوە لەو تەپ وتۆزە ، زیاتر روانییە ئەو شوێنە ، ئەمجا بۆی دەرکەوت کە ئەوە کێوماڵی چڕی سوپای پیادەی عێراق- ە ، هەموو کون و کەلەبەرێکی گەرمیان دەپشکنن..

سامی سەمین  بەخێرایی خۆی گەیاندە خوارەوە و بۆ ئەوەی هەواڵەکە بە عەدنان حەمەی مینا و مەحمودی مامە عەزە و پارتیزانەکانی تربگەیەنێ.

-ئەوەتا هێزەکانی سوپای عێراق لە خوارەوە بەرەو ئاراستەی لای ئیمە دێن

لەوساتانەدا  مام ساڵح -ی گەرمیان لە گەڵ پارتیزانەکان بوو  بە عەدنان و پارتیزانەکانی وت :

-من شارەزای حەشارگەیەکم لە داری خلە.

داری خلە دوو کیلۆمەتر کەوتوەتە خوار سەرووی رۆژهەڵاتی رۆستەی شاماروزا و ت ، کەندرێک بوو، بەهۆی لافاوی بارانەوە وبەهۆی ئاوی چەمەکەوە زیاتر قوڵ ببوو ،  ئەوانیش بە خێرایی کەوتنە مقۆ مقۆی ئەوەی بە زوویی پەناگەیەک بدۆزنەوە ،نەکەونە ناو

کێوماڵەکە .

لەو کاتە کت و پڕەدا  مام ساڵح شارەزایانە  کونە قەلەکەی بۆحەشاردان بۆ  دەست نیشان کردن .

عەدنانی حەمەی مینا لە بەرزاییەکانی (زاوت )-ەوە ڕانییە پێ دەشتەکانی بەردەمی خۆیان ، ئەو هێزە بێ شومارەی   سوپای عێراق-ی بەچاوی خۆی بینی ، بست بەست کێو ماڵ دەکرد چەند کیلۆ مەترێک لێ یان    دوور بوو ، لەو کێوماڵەدا ئەو هێزە بست بە بست و کون و کەلەبەری ناوچەکەیانی  گەرمیانی دەپشکنی ، بە پێی نەخشەو بەرناومەیەکی  وردو قوڵی ئیستیخباراتی عەسکەری فەیلەقی یەک ، هێزە پیادەکە  بەرەو قوڵایی گەرمیان هەنگاویان دەنا

دوای ئەوە هێزی  روویان کردە( زاوت )، دیواری چەند خانوویەک مابوو، ئەوانیشیان خاپوور کرد ، لەو کاتەدا عەدنانی حەمەی مینا بڕیاری دا بە پێی نەخشەیەکی کتو پڕ بۆ ئەوەی نەکەونە ناو بازنەی کێووماڵە چڕەکە ، بەرەو پشتی هێزەکانی سوپا  بڕۆن ..

بە خێرایی هەر سێ وڵاخەکەیان لە ژێر دار ژاڵەکانی عەلی کوتەک دا بەستەوە ، پارتیزانەکان خۆیان بەست و بە خێرایی خۆیان  گەیاندە  گوندی (حەسەنی عەمنە )، تاقە ماڵێک بوو هێزی کێوماڵ وردەوردە نزیک تر دەبووە بەرەو ئاڕاستەی ئەوان   دەهات ، پارتیزانەکان روویان کردە ئەشکەوتەکە و رووەو ئاراستەی سوپاکە  ،  بە راکردن بە 40 دەقیقە گەیشتنە بەردەم ئەشکەوتەکە .

هێزی پیادەی  سوپا گەیشتنە رۆستەی شامار ، کوێرانە هەموو ێەو دەورو بەرەیان بە دەسڕێژ داگرتەوە ، پارتیزانەکان ئەوەندە رایان کرد بوو ماندوو بوون هێزیان لێ بڕابوو تونای جوڵەیان نەمابوو، مەترسی گەیشتنی هێزەکەیان   لەسەر بوو ، بگەنە سەریان ، خۆیان لە بن ئەشکەوتەکەدا گرمۆڵکە کرد ،ئیتر  ئاگایان لە ئاڕاستەی جوڵەی هێزی کێوماڵ نەما، بەرەوکام لا دەڕۆن ، ئەوشوێنە بوو بە حەشارگەیا ن.

ئەو شەوە سوپای  کێوماڵ بە پاڵپشتی چەندان زیلی عەسکەری و دەبابە و کۆپتەر ،سەراپا ئەو دەوروبەرەیان پشکنی .

ئەمە یەکەم کێوماڵی سوپای ئەنفال بوو ، دوای ئەنفالی گەرمیان بە ناو گوندە خاپورکراوەکانی گەرمیان دا دەگەڕان  بۆ ئەوەی گەر هەر خانوو ماڵێک مابێت و نەڕوخابێت ، بیروخێنن..

پارتیزانەکان ئەو شەوە لە برسا ، نانە رەقەی ناو کۆڵە پشتەکانیان دەخوارد ، بۆ نیوەڕۆکەی برنج و فاسۆلیان لێ نابوو، بە ڵام کێوماڵە کە بواری نەدان ، بە جێیان هێشت ، هێزی  کێوماڵەکە نەچوبوونە ئەوشوێنەی کە  خواردن و کەلوپەلی پارتیزانەکانی لێ بوو

ئێوارەکەی عەدنانی حەمەی مینا بە تەلەفۆنکن پەیوەندی بە حەمە رە ش-ەوە کردبوو ،ئەویش بە عەدنانی وتبوو:

-ئەو کێوماڵە بۆ ماوەی 72 سەعات بەردەوام دەبێت لە گەرمیان .


پارتیزانەکان بە رۆژ خۆیان حەشار دەداو چاودێری جم و ججۆڵی کێوماڵەکەیان دەکرد ، بەشەویش لە کەندڕەکەدا نانیان دەکرد ، لە چەند شوێنێک دامەزرابوون  بۆئەوەی ئەگەر ی حاڵەتی کت و پڕ روو بدات بتوان روو بە ڕوویان ببنەوە ، دوای 72 سەعاتەکە   هێزەکە لە کێوماڵەکەیان کشانەوە بۆ کەلار.

ئەو   یەکەم کێوماڵە کت و پڕە ی سوپای عێراق بە پاڵپشتی ئیستیخباراتی عەسکەری ... فەیلەقی یەک... بە دەبابە... کۆپتەر .،بووە هۆی ئەوەی کە پارتیزانەکان بیر لەوە بکەنەوە ، بۆ خۆپاراستن لە سوپای عێراق و کێوماڵە کانی  و جاش و جاسوس  ، لەمەودوا حەشارگەیەک  دابین بکەن.

عەبدوڵڵا  کەریم  مەحمود

رەشەبای ژەهرو ئەنفال، بەرگی دووەم





# چەند زانیاریەکی گرنگ دەربارەی ئۆکرانیا

خاکی ئۆکرانیا وناوچەی کییڤ یەکەم ناوچە بووە کەنەتەوەی روسی تێدا هاتۆتە پەیدابوون بەناوی کیڤسکایا ڕووس،چۆن کاتی خۆی یەمەن نیشتیمانی دایکی عەرەب بوو پێش ئەوەی لەنیمچە دورگەی عەرەب بڵاوببنەوە. سلاڤەکان هۆزێکی بچوک بوون لەپانتاییەکی بچوک لە خۆرئاوای شاری کییڤ و هەرگیز ئۆکرانیەکان خاوەنی دەوڵەت نەبون تادوای شۆڕشی بەلشەوی ١٩١٧ولینین کۆماری ئۆکرانیای دامەزراند لەسەر خاکی ڕووسەکان وبیری لەوە نەکردبۆوە ڕۆژێک لەڕۆژان یەکیتی سۆڤیەت هەڵوەشێتەوەوخاکی ڕووس ببێتە موڵکی ئۆکرانیەکان . قەرم لەچوارچیوەی ئۆکرانیا نەبوە تا ساڵی ١٩٢٢بەڵکو خرۆشۆف ساڵی ١٩٥٤خستیە ئەوسنورەوە.

ئۆکرانیا گەورەترین دەوڵەتە لەئەوروپا ولەفەرەنسا گەورەترە.خاکی دۆنباس کە روسیا داگیری کردوە هاوشێوەی ڕوبەری سویسرایە.

ئەو کێشەوقەیرانەی ئێستا بابەتی ناوخۆ نییە بەڵکو مەترسیەکە بۆسەر هەموو جیهان.

رەنگبێ هەندێ بپرسن بۆچی ئۆکراین گرنگە چونکە:

بەپلەی یەکەم دێت سەبارەت دڵنیایی یەدەگی بەدەست هێنراو لە کەرەستەی سەرەتایی یۆرانیۆم وپلەی دووەم لەئاستی هەموو ئەوروپا وپلەی دەیەم لەسەرئاستی جیهان لەکەرەستەی سەرەتایی تیتانیۆم، پلەی دووەم لەسەرئاستی جیهان لەڕووی دۆزینەوەی مەگنیز (٢،٣ملیار تەن ، یا ١٢%ی یەدەگی هەمووجیهان)...

خاوەنی دووەم یەدەگی کەرەستەی خاوی ئاسن لە سەرتاسەری جیهان بە ٣٠ ملیار تەن دەخەمڵێنرێ وپلەی دووەم لەسەر ئاستی ئەوروپا لەکەرەستەی یەدەگی جیوە..

پلەی سێیەم لەسەر ئاستی ئەوروپا وپلەی سیانزەهەم لەسەر ئاستی جیهان لەیەدەگی گازی کەڤرین (صخري)بە ٢٢ترلیۆن م٣ دادەنرێ.

پلەی چوارەم لەسەر ئاستی جیهان لەڕووی نرخی سەرچاوەسروشتیەکانەوە.

پلەی حەوتەم لەسەرئاستی جیهان لەڕووی یەدەگی خەڵوز کە بە (٣٣،٩ملیار تەن) دادەنرێ.

ئۆکراین وەک وولاتێکی کشتوکاڵی :

یۆکراین بەوولاتێکی کشتوکاڵی لەڕووی دەژمێردرێ ڕوبەری ئەو زەویانەی کەبۆ کشتوکاڵ دەست دەدەن.

پلەی سێهەمی لەسەر ئاستی جیهان لەڕوبەری خۆڵی ڕەش کەبە(٢٥% ی ڕوبەری جیهان دەژمێردرێ.

پلەی یەکەم لەسەر ئاستی جیهان لەهەناردەکردنی زەیتی گوڵەبەڕۆژە..

پلەی دووەمی لەسەر ئاستی جیهان لەبەرهەم هێنان وهەناردەی جۆ دادەنرێ.

سێیەم گەورەترین وچوارەمە لەجیهان لەڕووی هەناردەی گەنمە شامی.

چوارەم گەورەترین بەرهەم هێنەری پەتاتەیە لەسەر ئاستی جیهان.

لەبەرهەم هێنانی جاودار (جاودار جۆرە تۆوێکە قەدەکەی وەک گەنم وجۆ وایە لەبواری ئاردو نان کردن و تەنانەت لەدروستکردنی بیرەو ڤۆدگا و ویسکی بەکاردەهێنرێ وسودێکی خۆراکی هەیە بۆ مرۆڤ. ناوەزانستیەکەی شەولمە ویوشەکەی بۆ فەرش وکڵاو کاغەز بەکار دەهێنرێ.

پلەی پێنجەم لەسەر ئاستی جیهان لەبەرهەم هێنانی هەنگوین وساڵانە (75.000 تەن بەرهەم دێنێ.

پلەی هەشتەم لەسەرئاستی جیهان لەهەناردەی گەنم .

پلەی نۆیەم لەسەر ئاستی جیهان لەبەرهەم هێنانی هێلکە وپلەی شانزەهەم لەسەرئاستی جیهان لەهەناردەکردنی پەنیردا.


یۆکراین لەتوانای دایە پێداویستی خۆراکی نزیکەی ٦٠٠ ملیۆن کەس دابین بکات

یۆکراین وەک وڵاتێکی پیشەسازی

١-یەکەمە لەسەرتاسەری ئەوروپا لەبەرهەمهێنانی ئەمۆنیا.

٢-ئۆکرانیا خاوەنی چوارەم هێلەکانی گازی سروشتی لەسەر ئاستی جیهان و (١٤٢،٥ملیار م٣ یە لەبەر هەمهێنانی گاز لەیەکیتی ئەوروپا).

٣- خاوەنی سێهەم گەورەترین کۆمپانیاکانە لەئەوروپا لەڕووی توانای بەگەڕخستنی ویستگەکانی ئەتۆمی.



٤-پلەی سێهەم لەئەوروپا وپلەی ١١هەم لەسەرئاستی جیهان لەڕووی درێژی تۆڕەکانی هێڵی ئاسنین ٢١،٧٠٠کم وپلەی سێهەم دوای ویلایەتە یەکگرتووەکان وفەرەنسا دێت لەبەرهەمهێنانی دەزگاو ئامێری دەستنیشان کردنی شوێن.

٥-سێهەم گەورەترین سەرچاوەکانی ئاسنە وسەرچاوەی سەرەکی تۆربینی ویستگە ئەتۆمیەکانە لەجیهان دا.

٦-چوارەم گەورەترین دروستکەری ڕۆکێت هاوێژە لەسەر ئاستی جیهان.

٧- خاوەنی پلەی چوارەمە لەسەر ئاستی جیهان لەهەناردەکرنی ئارد وتیتانیۆم وپلەی هەشتەم لەهەناردەکردنی کەرەستە یەدەگە چرەکان.

٨-پلەی نۆیەم لەسەرئاستی جیهان لەهەناردەکردنی بەرهەمە پیشەسازیەکانی بەرگری.

٩-گەورەترین دەیەم بەرهەمهێنەری پۆڵایە لەجیهان دا (٣٢،٤ملیون تەن.

سەرچاوە:

ئەندرێ فۆتی لیژنەی کۆنگریسی ئۆکرانی ئەمەریکی-کۆنگرەی جیهانی ئۆکرانی .

**وەرگێران**
**عوسمان عومەر**
**٢٢ی شوباتی ٢٠٢٢**

# ئۆكرانيا، قوربانى جيۆپۆلەتيك يان سيستەمى سياسى؟!

د. كامەران مەنتك

ئەو دەوڵەتانەی شوێنێکی جیۆپۆلەتیکی هەستیاریان هەیە، دەبێت وردتر سیستەمە سیاسیەکانیان هەڵبژێرن و بەئاسانی نەکەونە ژێر کاریگەری شەڕی نەرمەوە، بەواتایەکی تر واز لەدروشمە بریقەدارەکان بێنن و بەمۆدێلی سیستەمی سیاسی دەوڵەتانی تر فریو نەخۆن و بنەما لەسەر رەهەندە جۆپۆلەتیکیەکانەوە سیاسەتی وڵاتەکانیان و شێوازی سیستەمە سیاسییەکانیان دابڕێژن، لەبەرئەوەی هیچ دەوڵەتێك بە تەنیا ناژیت وکاریگەری لەسەر وڵاتانی دەوروبەری، تەنانەت لەهەندێك کاتدا سیاسەتی جیهانی دەبێت و دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو سیاسەتەشەوە، بۆیە ئازادی لەبڕیاردانی سیاسەتی دەرەوە، چەمکێکی فریودەرەو لەو بوارەدا، ئەوە سیستەمی سیاسی نیە بڕیار لەسەر شێوازی سیاسەتی دەرەوە وپەیوەندیە نێودەوڵەتییەکانی دەدات، بەڵکو ئەوە جیۆپۆلەتیکە جۆرە سیاسەتێکی لەسەر دەسەپێنێت، کە لەزۆربەی کاتدا بێدەستی خۆی و بەناچاری دەبێت پیادەی بکات! سیاسەتی دەرەوەی سەرکەوتوو ئەو سیاسەتەیە، کە خۆی لەگەڵ دۆخەکە جیۆپۆلەتیکیەکە دەگونجێنێت وهەرگیز رکابەری لەگەڵ ناکات وملی لەبەر ملی نانێت، چونکە مێژووی سیاسەتی جیهانی ئەو راستیە دەسەلمێنیت، کە گرتنەبەری ئەو جۆرە سیاسەتە دادی ئەو وڵاتانە نادات و لەکۆتایدا دەبنە قوربانی ولەژێر پۆستاڵی بەرژەوەندی زلهێزەکانی تردا دەپلیشێنەوە.

سیستەمی سیاسی ئۆکرانیا زۆر درەنگ، لە بایەخی پێگەی جیۆپۆلەتیکی و گرنگیەکەی بۆ روسیا تێگەیشت، کاتێك تێگەیشت پایتەختی وڵاتەکەی کەوتبووە ژێر هەڕەشەی داگیرکاری روسەوە و ژێر خانی سەربازی تا رادەیەکی زۆر وێران کرابوو، ئەوان بەدروشمەکانی ئازادی ومافی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی ناتۆ ووڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا فریویان خوارد، ، پێیان وابوو، رۆژئاوا ئامادەیە بۆ بەرگریکردن لێیان خۆی بخاتە شەڕێکی جیهانیەوە لەگەڵ روسیا! سیاسەتمەدارە هەرزەکارەکانی ئۆکرانیا نەیانزانی، کە وا رۆژئاوا وەك بوکەڵەیەك بۆ تاقیکردنەوەی ئیرادەی روسیا بەکاریان دێنێت و لەچرکە یەکلاییکەرەوەو چارەنووس ئامێزەکاندا بەتەنیایان جێدەهێڵێت، ئەمە بووە هۆی ئەوەی لە پەیامە جدیەکانی روسەکان تینەگەن وهەمان هەڵەی گورجیەکان لەساڵی (2008) دووبارە بکەنەوە وباری بە دەروازە جیۆپۆلەتیکییە گرنگەکانی روسیا بکەن.

هیچ زلهێزێك ئەوە قبووڵ ناکات، کە هێزیکی تری ئەتۆمی لەسەر سنوورەکانی ئەوان و ئەو دەروازەیەی بەئەوروپا، بازاڕی گەرمی خۆیانەوە دەبەستیتەوە، دروست بکرێت وشەڕەکان بگوازرێتەوە ناو ماڵی ئەوا! بۆیە لە جیاتی ئەوەی ئۆکرانیا ناوماڵی روسیا بکاتە گۆڕەپانی شەڕی رۆژئاوا و روسیا، روسیا ئۆکرانیای کردە بەرەی پێشەوەی ئەو شەرە و نەك بەتەنیا ئەو وڵاتە داگیر دەکات، بەڵکو هەڕەشە لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات، کە لەرووی جیۆپۆلەتیکیەوە بەکلیلی ئۆراسیا هەژماردەکرێن ووڵاتانی بالتیك، تەنانەت ولاتە گەورەکانی ئەوروپاس دەکات.

جێگای داخە، تا وڵاتەکەی بە کردەیی روبەڕوی هێرشی روسیا نەبووەوە، سەرۆك وسیستەمی سیاسی ئەو وڵاتە درکی بەگەورەیی مەترسییەکان نەکرد لەوە نەگەیشت، کە رۆژئاوا جێگەی متمانە و پێشت پێبەستن نیە، کاتێك درکی پێکرد، وڵاتەکەی داگیر کرابوو و ئەو کاتە لەجیاتی دانوستانەوە، سەرۆکی ئۆکرانیا بەنوزانەوە رایگەیاند، کە بە تەنیا لەگۆڕەپانی شەرەکە جێهێڵران! ئەوەیە بایەخی زەمەن لەتێگەیشتنی رووداوەکاندا، ئەو دەستپێشخەرییەی ئەمڕۆ ئۆکرانیا بۆ دانوستانی لەگەڵ روسیا کردو ئامادەیی خۆی نیشان دا وەك دەوڵەتێکی بێلایەن بمێنیتەوە نەبێتە ئەندام لە هاوپەیمانی باکووری ئەتلەسی (ناتۆ)، ئەگەر دوو رۆژ بەر لەئێستا ئەو بڕیارەی بدابوایە، بەسەر بەرزی لە قەیرانەکە دەردەچوو، لەجیاتی ئەوەی روسیا بکاتە دوژمنێك، پەلاماری بدات، دەیتوانی بیکاتە دۆستێك و لەجیاتی تۆپ وئاگربارانکردن، دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکات!.

کاتی ئەوە هاتووە میللەتان چیتر بە هێزی نەرم وئەو پروپاگەندانەی بۆ شێوازێك لەشێوازەکانی سیستەمی سیاسی دەکرێت فریو نەخۆن ولەگەڵ دۆخە راستەقینەکە مامەڵە بکەن، سیستەمی سیاسی هەر چۆنێك بێت، ناتوانێت لەکەموکوری بەدەر بێت، هەموو سیستەمێکی سیاسی لایەنی ئەرێنی ونەرێنی خۆی هەیە، بۆیە گرنگترین شت لە سیستەمدا ئەوەیە بتوانێت سەقامگیری بسەپێنێت و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکەکەی دابین بکات، لەبەرئەوەی خۆشگوزەرانی وڵاتان لە دروشم وئیدیۆلۆژیاکاندا نیە، بەڵکو لە مانەوە وسەقامگیری و بەردەوام بوون و پاراستنی ئاشتیدایە، پێشکەوتن وخۆشگوزەرانی، لەئاشتی وسەقامگیری دانەبێت هەرگیز نایەتی دی!




**YADNAMEیادنامە**

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژویی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهان) بەهاوکاری بەختیار شارەزووری لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com

Viber& WhatsApp: +31615852703